**Mamosta Journal for Pedagogical Sciences and Teacher Education (MamostaJ)**
DOI: https://doi.org/10.21271/mj.1.2.5

**OPEN ACCESS**
***Corresponding author**
shirazluqman8@gmail.com
Shiraz Luqman Mohammad Amin

# کاریگەری ستراتیژی خانووی بازنەیی لەسەر بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان و گەشەپێکردنی دەستکەوتی خوێندن لای قوتابییانی قۆناغی ئامادەیی

RECEIVED:28/05/2025
ACCEPTED: 19/07/2025
PUBLISHED:25/12/2025

**شیراز لقمان محمدأمین/** بەشی زانستە کۆمەلایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**عثمان عبدالله حەمەئەمین/** بەشی زانستە کۆمەلایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**وشە سەرەکییەکان:**
ستراتیژی خانووی بازنەیی، قۆناغی ئامادەیی، بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان، دەستکەوتی خوێندن.

## پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژی خانووی بازنەیی لەسەر بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان و گەشەپێکردنی دەستکەوتی خوێندن لای قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی، لە ئەنجامی ڕاپرسییەک توێژەران بۆیان دەرکەوت قوتابیان دەسکەوتی خوێندنیان نزمە و مامۆستایانی مێژوو لە وانەوتنەوەدا ڕێگەی نەریتی بەکاردەهێنن و دوورن لە بەکارهێنانی ستراتیژە نوێیەکانی وانەوتنەوە، توێژەران ڕێبازی ئەزموونیان بەکارهێناوە بەپشت بەستن بە دیزاینی ئەزموونی بە کۆنترۆلی بەشی بۆ هەردوو گروپی هاوتایی لەگەڵ تاقیکردنەوەی پاشەکی. کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتی بوو لە قوتابیانی پۆلی دەیەمی وێژەیی لە قوتابخانە حکومییەکانی پەروەردەی بنەسلاوە، نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە قوتابیانی قوتابخانەی سێنکی کوڕان، نموونەی توێژینەوەکە بەشێوەی هەڕەمەکی هەلبژێردراون، گروپی (ب) گروپی ئەزموونی بابەتی مێژوویان بە ستراتیژی خانووی بازنەیی خوێند و گروپی (أ) گروپی کۆنترۆڵکراو بەڕێگەی نەریتی، توێژەران ئامرازەکانی مربع (کا)٢و( t-test) بەکارهێناوە. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠،٠٥) لەنێوان ناوەندەژمێری نمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە هەردوو گۆڕاوی بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان و دەسکەوتی خویندن کە لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی بوو. توێژەران بۆ ئامانجەکانی توێژینەوە پێویستیان بە دوو ئامراز هەبوو ئەوانیش بریتی بوون لە تاقیکردنەوەی پێوەری (بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان) و ژمارەی برگەکانی لە (٣٠) برگە پێکهاتبوو و تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن. لە ئەنجامی توێژینەوەکە گەیشتە ئەنجام و لەبەر ڕۆشنایی ئەوەشدا کۆمەڵێک ڕاسپاردەو پێشنیار خرانەڕوو.

**پێشەکی:**

پەروەردە بریتییە لە پەرەپێدانی تاک بە پەرەپێدانێکی گشتگیر، واتە هەر تاکێک لە سێکیتەری پەروەردەییدا گەشەی پێبدرێت لە ڕووی مەعریفی و ویژدانی و دەروونی – جوڵەیی، واتە بە تەنها گەیاندنی زانیاری و گەشەکردنی لایەنی هزری و مەعریفی ئامانجەکانی پەروەردە بەدی ناهێنێت، هەربۆیە گەشەکردنی لایەنی ویژدانی و دەروونی – جوڵەی تاک لە پەروەردەی هاوچەرخدا پێویستییەکی هاوتەرییە لەگەڵ لایەنی مەعریفی تاک، کە لە پەروەردەی کۆندا لایەنە مەعریفییە ئامانج و مەبەستی پەروەردە بوو بەو ئاراستەیەش کار دەکرا، لێرەوە تێدەگەین کە کارکردن لەم سێکتەرە ئاسان نییە، هەر گەشەکردنێک لە بواری فێربوون و تەکنەلۆژیای فێرکاری و پێشکەوتنی کۆمەڵگەکان و گۆڕانکارییەکانی جیهانگیری ڕوودەدات، وا دەخوازێت پەروەردەش پێ بەپێی ئەو گەشەکردنانە خۆی ڕێکبخات و هەنگاو بنێت و پێش بکەوێت، هەروەک پەروەردیارێکی ئەمریکی (جۆن دیوی) دەڵێت: "پەروەردە خودی ژیانە" (عزيز، ٢٠٢١، ٥). یەکێک لە ستراتیژە دیارەکان لە تیۆری بونیادگەرایی (النظرية البنائية)، کە سەری هەڵداوە ستراتیژی خانووی بازنەییە بەو پێیەی یەکێکە لە ستراتیژە گرنگەکانی ئەودیوی زانیارییەکان (ماوراء المعرفة)، کە قوتابی بەرپرسیارێتی ئەوە هەڵدەگرێت فێری دەبێت لە ڕێگەی بەکارهێنای زانین و ئەزموون و بیروباوەڕی پێشوی، پرۆسەی بیرکردنەوە گۆڕینی بۆ چەمک و ڕاستی تاوەکو بتوانێت بەکاری بهێنێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان (رحيم، عبدالأمير، ٢٠١٤، ٢٩٥).

**بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوە**

**یەکەم: کێشەی توێژینەوە**

بابەتی مێژوو بەشێوەیەکی گشتی وەک زنجیرەیەک لەناو و شوێن و بەروار دەوترێتەوە لە قوتابخانەکاندا، هەندێک جار فێرکردنی بابەتی مێژوو یارمەتی قوتابی دەدات بۆ دۆزینەوە و ئاشکراکردنی پەیوەندی نێوان هۆکار و ئەنجام، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بە شێوازێک وانەکە ناڵێنەوە تاوەکو بیرکردنەوەکەیان بیرکردنەوەیەکی مێژوویی بێت، کارامەیی بیرکردنەوەی مێژووی بەکاربهێنن بۆ خوێندنەوەی ڕووداوە مێژووییەکان یان نوسینی وتاری سەبارەت بە ڕووداو و کێشە و بیرکردنەوە مێژووییەکان (Gorzycki and paul،Elder ، 2012 ،5 ). توێژەران لەمیانی سەردانیکردنیان بۆ چەند قوتابخانەیەک و پێداچوونەوەی بە پلانی وانەوتنەوە و شێوازی وانەوتنەوەی مامۆستایانی بابەتی مێژوو و پێداچوونەوە بە نمرەی قوتابیان بۆیان دەرکەوت کە ڕێگە و شێوازیان لە وتنەوەی بابەتی مێژوو بریتییە لە ڕێگەی ئاسایی و نەریتی، هەربۆیە توێژەران بەمەبەستی ئەنجامدانی ڕاپرسییەک سەردانی چەند قوتابخانەیەکی سنووری پەروەردەی بنەسڵاوەیان کرد چاویان بە ژمارەیەک مامۆستایانی بابەتی مێژوو کەوت باسیان لە دابەزینی ئاستی دەستکەوتی قوتابیان دەکرد. پشت بەستن بە ئەنجامی ئەو ڕاپرسییەی کە توێژەران ئەنجامیانداوە پێیان وایە هۆکاری زۆر هەیە بۆ خراپی دەستکەوتی قوتابیان لەوانە: تێکڵاوی و زۆری پرۆگرام و کەمی کات، بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هۆکارە ئابووری و ژینگەییەکان، زۆربەی مامۆستایان ڕێگەی وانەوتنەوەی نەریتی بەکاردەهێنن، بۆیە پێویست بوو گەڕان بە دوای ستراتیژییەکانی وانەوتنەوە مۆدێرنەکاندا بکرێت، کە ئاستی دەستکەوت و هۆشیاریی قوتابیان بە ڕووداوە مێژووییەکان لە بابەتی مێژوودا بەرز بکاتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی نەبوونی هیچ توێژینەوەیەک کە باس لە کاریگەری ستراتیژی خانووی بازنەیی بکات لەسەر دەستکەوت و هۆشیاریی ڕووداوە مێژووییەکانی بابەتی مێژوو (بەپێی زانیاریی توێژەران)، کە یەکێک بوو لەو هۆکارانەی بووە هۆی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە.

ئەم توێژینەوەی ئێستا هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەی خوارەوە دەدات:

– ئایا کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژی خانووی بازنەیی لەسەر بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان و گەشەپێکردنی دەستکەوتی خوێندن لای قوتابیانی پۆلی دەیەمی وێژەیی؟

**دووەم: گرنگی توێژینەوە**

پرۆسەی پەروەردە سالانێکی زۆرە بەدەست چەندین گرفتەوە دەناڵێنێت ئەو کێشانەش لەوکاتەوە دەرکەوتوون بە شێوەیەک مامەڵەی لەگەڵدا نەکراوە لەگەڵ سەردەمەکەیدا بگونجێت، بۆیە ئەو کێشانە کەڵەکەبوون و بوونەتە بەربەست لەبەردەم ڕەوتی پرۆسەی پەروەردەدا. لەم سالانەی دواییدا هەوڵێکی زۆردراوە بۆ چاکسازی کردن لە بارودۆخی پەروەردە و پەرەپێدانی بە گوێرەی پێداویستییەکانی سەردەمی ئێستا. پەروەردە لایەنێک لەلایەنە سەرەکییەکانی بنەمای دەروونی و پرۆگرامی بنەڕەتییە، پرۆسەی پەروەردە لە ئەنجامی بەرکەوتن بە بارودۆخە جیاوازەکان کەوتووەتە ژێر هەموو لایەنەکانی کەسایەتی تاکەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی بەدەستهێنان و سەرهەڵدانی ئاستەکانی پەروەردە لە سەرەتادا لە ئاسانەوە دەست پێدەکات و کۆتایی دێت بە ئاڵۆز (الوزني، ٢٠١٢، ٥). دەتوانین گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی گرنگی تیۆری و پراکتیکی بە چەند خاڵێک بخەینەڕوو:

**١. گرنگی تیۆری:**

- گرنگی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا لەوەدایە، کە باس لە گۆڕاوە مۆدێرنەکان دەکات هاوتەریبن لەگەڵ گۆڕاوەکانی ئەو سەردەمە و ڕووبەڕووی ئاستەنگەکانی سەدەی بیست و یەکەم دەبنەوە.

- ئەم توێژینەوەیە گرنگی خۆی لەوە وەردەگرێت، کە یەکێکە لە یەکەم توێژینەوەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق - لە سنووری زانیاری توێژەردا.

**٢. گرنگی پراکتیکی:**

- گرنگی ئەزموونکردن لەسەر ستراتیژییەکانی وانەوتنەوە مۆدێرنەکان بۆ پشتڕاستکردنەوەی کاریگەرییەکانیان، لەوانە ستراتیژی خانووی بازنەیی بۆ پشتڕاستکردنەوەی کاریگەرییەکانی لەسەر بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان و گەشەپێکردنی دەستکەوتی خوێندن لە بابەتی مێژوو لای قوتابیانی ئەزموونی پۆلی دەیەمی وێژەیی.

- پێشکەشکردنی چەند پێشنیارێک، کە دەتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت بۆ یارمەتیدان لە گەشەپێکردنی بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان دەستکەوتی ئەکادیمی.

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوە**

زانینی کاریگەری ستراتیژی خانووی بازنەیی لەسەر بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان و دەستکەوتی خوێندن لە بابەتی مێژوو لای قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی.

**چوارەم: گریمانەکانی توێژینەوە**

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکە ئەم گریمانانەی خوارەوە دارێژراون:

١- نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠،٠٥) لەنێوان ناوەندەژمێرەی نمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونی، کە وانەی مێژووییان خوێندووە بە ستراتیژی خانووی بازنەیی و ناوەندەژمێرەیی نمرەی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکراو، کە بابەتی مێژووییان خوێندووە بە ڕێگەی ئاسایی لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی پاشەکی.

٢- نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠،٠٥) لەنێوان ناوەندە ژمێرەی نمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونی، کە بابەتی مێژوویان خوێندووە بە ستراتیژی خانووی بازنەیی و ناوەندەژمێرەی نمرەی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکراو، کە بابەتی مێژووییان خوێندووە بە ڕێگەی ئاسایی لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان پاشەکی.

٣- نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠،٠٥) لەنێوان ناوەندەژمێرەی نمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونی پۆلی دەیەمی ئامادەیی کە بابەتی مێژووییان خوێندووە بە ستراتیژی خانووی بازنەیی لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژوویییەکان پێشەکی پاشەکی.

٤- نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠،٠٥) لەنێوان ناوەندەژمێرەی نمرەی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکراوی پۆلی دەیەمی ئامادەی کر بابەتی مێژووییان خوێندووە بە ڕێگەی ئاسایی لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان پێشەکی و پاشەکی.

**پێنجەم: سنووری توێژینەوە:**

١- سنووری مرۆیی: قوتابیانی پۆلی دەیەمی وێژەیی لە قوتابخانەی ئامادەیی سێنکی کوڕان لە پەروەردەی بنەسڵاوە.

٢- سنووری کات: تاقیکردنەوەکە لە وەرزی دووەم ئەنجامدراوە لە ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤-٢٠٢٥

٣-سنووری شوێن: قوتابخانەی ئامادەیی (سێنکی کوڕان) لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەیی بنەسڵاوە.

٤- سنووری بابەتی زانستی: بەشی پێنجەم و بەشی شەشەم و بەشی حەوتەم تاوەکو کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە ڕووی جۆری ژیان و باری گوزەرانەوە بۆ بابەتی مێژووی شارستانییەکان لە کتێبی مێژووی پۆلی دەیەمی وێژەیی بۆ قوناغی ئامادەیی لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان– عێراق، کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە بڕیاری لەسەردراوە – چاپی هەژدەهەم ساڵی ٢٠٢٣.

**شەشەم: زارەوەکانی توێژینەوە**

**١- ستراتیژی خانووی بازنەیی**: (ۆرد و ووندرسی، ٢٠٠١): شێوازێکە کە قوتابیان زانیارییەکان لە دەوری بازنەیەکی دیاریکراو دابەشدەکەن بە شێوەی هێڵکاری، کە یارمەتیان دەدات بۆ ئەوەی زۆربەی زانیارییەکان ببینن، کە تایبەتە بەو چەمکە واتە بریتییە لە ڕێکخستنێکی تەواو ( ۆرد و ووندرسی، ٢٠٠١، ١٠-٢٠ ).

**پێناسەی ڕێکاری**: ڕوودانی قەبارەی کاریگەری چاوەڕوانکراوە لەکاتی بەکارهێنانی ستراتیژیەتی خانووی بازنەیی لەوتنەوەی بابەتی مێژووی شارستانییەتەکانی پۆلی دەیەمی وێژەیی لەسەر دەستکەوت و گەشەپێکردنی بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان لای نموونەی توێژینەوەکە.

**٢- بیرکردنەوەی مێژووی بە ڕووداوە مێژووییەکان:** (خربشة والصفدي، ٢٠٠١): ئەو پرسە مێژووییانەن، کە لێکۆڵەرانی مێژوو بەکاری دەهێنن کاتێک بە بەکارهێنانی ڕیبازی زانستی مامەڵە دەکەن لەگەڵ دەقە مێژووییەکان (خربشة والصفدي، ٢٠٠١، ١٩٥).

**پێناسەی ڕێکاری**: (ئەو بڕەیە قوتابیانی پۆلی دەیەمی وێژەیی بەدەستیان هێناوە لە ئەنجامی پێوانی نمرەی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان و مێژووی شارستانییەت).

**٣- کاریگەری: (عوض، ٢٠٠٥) دەڵێت**: دەستکەوت ئەنجامی کاریگەرە بە کەمترین توانا (عوض، ٢٠٠٥، ٦).

**پێناسەی ڕێکاریی**: ئەو گۆڕانکارییە ڕوودەدات لە ڕەفتاری قوتابی لە ئەنجامی وانەوتنەوەی بابەتی مێژوو بەستراتیژی خانووی بازنەیی لەسەر دەستکەوت و بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان لای قوتابیانی پۆلی دەیەمی وێژەیی.

**٤- هۆشیاری مێژووی بە ڕووداوە مێژووییەکان:** (Ahnon، ٢٠٠٥ ): کارلێکی نێوان هۆشیاری ڕابردوو دروستکردنی پێشبینییەکانی داهاتووە، شێوازێکە بۆ بینینی جیهان لەسەر بنەمای وێنەکانی ڕابردوو (Ahnon ، ٢٠٠٥، ٦٩٩).

**پێناسەی ڕێکاری**: پێناسەی ڕێکاری: بریتییە لەتێکڕای ئەو نمرانەی قوتابی بەدەستی دەهێنێت لە ئەنجامی وەڵامدانەوەی بڕگەکانی پرسیارنامەی هۆشیاری مێژووی بەڕووداوە مێژووییەکان، کە توێژەر بۆ ئەم مەبەستە ئامادەی کردووە.

**٥- دەستکەوت: ( الحمیداوي، ٢٠١٢ ):** ئەو ئەنجامە گشتییەیە قوتابی هەموو ڕۆژێک یان هەموو وەرزێک لە کۆتایی ساڵدا بەدەستی دەهێنێت ( الحمیداوي، ٢٠١٢، ٢٧ ).

**پێناسەی ڕێکاری**: ئەو بڕەیە قوتابیانی پۆلی دەیەمی وێژەیی بەدەستیان هێناوە لە ئەنجامی پێوانی نمرەی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان و مێژووی شارستانییەت.

**٦- قۆناغی ئامادەیی: (خضیر، ٢٠١٧):** یەکێکە لەو قۆناغە گرنگانەی قوتابی پێیدا تێپەڕدەبێت بەو پێیەی هاوکاتە لەگەڵ قۆناغی هەرزەکاری، کە قوتابی لە حاڵەتێکی ناهاوسەنگی و سەرهەڵدانی هەندێک کێشەی ڕەفتارییدا پێداتێپەڕدەبێت. (خضیر، ٢٠١٧، ٩٦).

**پێناسەی ڕێکاری:** (پۆلی دەیەمی وێژەیی بەشێکە لە قۆناغی خوێندنی ئامادەیی لە هەرێمی کوردستان، کە قوتابیان تەمەنیان لەنێوان (١٥ – ١٧)ساڵیدایە.

**بەشی دووەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە و توێژینەوەکانی پێشوو**

**یەکەم: لایەنی تیۆری**

ناساندنی ستراتیژی خانووی بازنەیی: نەخشەیەکی بینراوە بە ئامانجی بونیادنانی یادگایەک بۆ ماوەیەکی درێژ، بۆیە داوا لە قوتابیان دەکرێت کەوا زانیاری بونیاد بنێن بە بەکارهێنانی وێنە و هێما و شیوە بینراوەکان لە جیاتی خوێندنەوە و لەبەرکردنی ناوەرۆکەکەی، ئەم ستراتیژە یارمەتی قوتابی دەدات بۆ دانانی پلانێک تاوەکو بتوانێت تێبینی ئەو چەمکانە بکات، کە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە بە شێوەی زنجیرەیی(Word & Figg، ٢٠١١، ٢).

**بنچینە فەلسەفییەکانی شیوەی خانووی بازنەیی:**

١ – تیۆری فێربوونی مانادار لەلایەن ئۆزبڵەوە: تیۆرەکە بە یەکێک لە گرنگترین بنچینەکانی شێوەی خانووی بازنەیی دادەنرێت، لە کاتێکدا پشت دەبەستێت بە فێربوونی مانادار، بەو پێیەی پشت دەبەستێت بە ڕێژەی ڕوونکردنەوەکەی و ڕێکخستنی ئەو زانیاریانەی قوتابی پێشتر وەری گرتووە، بە وردی تیشک دەخاتە سەر شارەزاییەکان بەشێوەیەک لەگەڵ شارەزاییەکانی پێشوتری دەیبەستێتەوە بە جۆرێک کاریگەرتر و مانای هەبێت، تاوەکو هاوکاری دەبێت لە کاریگەری مانەوەی فێربوون (الخطیب، ٢٠١٥، ٢١٨).

٢– **تیۆری نۆڤاک بۆ بونیادنانی**: ئەم تیۆرە لە ئەنجامی کارەکانی ژان بیاژێت و ئۆزبڵ سەری هەڵدا، تیۆرەکەیان تایبەت بوو بە گەشەی زانیاری لای قوتابی. دوای ئەوە نۆڤاک و هاوڕێکانی هاتن پەرەیان پێیدا، بیرۆکەی ئۆزبڵ سەبارەت بە (تمثیل) لێکچواندنی چەمکەکان و ڕێکخستنی بونیادی زانیارییەکان لای قوتابی بۆ ئەوەی فێربوونێکی گونجاو دروست بێت، هەستان بیرۆکە بیرکارییەکان و ئەوانی تریان ڕێکخست، بەشێوەی هەرەمی لە ڕێگەی بەکارهێنانی مۆدێلەکان بۆ فێربوونی بونیادگەرایی فێربوونی بیرکارییەکان، بەشێوەیەک بیرکاری بە سروشتی خۆی بونیادی کەڵکەبووە ( عفانه، ٢٠١٢، ٢٧٣).

٣ – **توێژینەوەکانی زانستی دەروونی هی جۆرج میللر:** ستراتیژی حەوت کەرتی دەرەکی لەگەڵ ئەوەی میللەر لە لێکۆڵینەوەکانیدا دەربارەی بیروەری کورت خایەن، زۆربەی خەڵک حەوت شتییان بە بیردێتەوە یاخود زیاتر یان دوو دانە کەمتر، ئەگەر هاتوو بە شیوەیەکی چالاک کۆبکرێتەوە بۆ کەمکردنەوەی پاڵەپەستۆ لەسەر وردەکارییەکان، لەم بارەدا قوتابی دەتوانێت پەیوەندی نێوان بیرۆکەکان بدۆزێتەوە و زانیارییەکانی زیاد بکات. میللەر لە وتارە بەناوبانگەکەیدا بەناونیشانی: (ژمارەی جادوگەری حەوت) دوو زیاد دەکات یاخود کەمدەکات، لە لێکۆڵینەوەکەیدا گەیشتووە بەو ئەنجامەی زۆربەی شتەکان، بینی ڕێکخستنی زانیارییەکان و دۆزینەوەی پەیوەندی حەوتی دەتوانن زانیارییەکانیان بە بیربێتەوە ئەمەش دەبێتە هۆی خەزن کردنی زانیارییەکان و گەڕانەوەی بە شێوەیەکی باشتر، کۆکردنەوە زانیارییەکان دەبێتە هۆی فروانی بیر (**Wanders ،Ward and**، **٢٠٠٢، ٥٧٧**).

٤– **توێژینەوەی درک پێکراوی بینراو:** چەمکی درک پێکردن یەکێکە لەو بابەتانەی سەرنجی هەموو دەروونناسانی بۆخۆی ڕاکێشاوە، درککردن پەیوەندییەکی نزیکی بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەیە، قوتابی مامەڵەی لەگەڵ زۆرێک لە شتە کاریگەرەکان هەیە کەوا پەیوەست بە شێوەیەکی خێرا تێبگات و وەڵامبداتەوە دەکات، درککردن کردارێکی ( ذهنیة) عەقڵییە دەگەڕێتەوە بۆ پرسە ناوەندییەکان، سایکۆلۆژیایی هەست دۆخێکی دەروونیی زانینی عەقڵییە لە ڕێگەیەوە ڕێکخستن بۆ ئەو هەستانە دەکرێت، کە مانایان هەیە ( الحمیداوي، ٢٠١٢ ، ٢٣ ).

**قوناغەکانی ستراتیژی خانووی بازنەیی**

هەریەکە لە (McCartney and Figg،٢٠١١ ، ٧؛ البرکاتي، ٢٠١٨، ٩ ؛ Ward &Wanderse، ٢٠٠٢؛ الطراونة، ٢٠١٤، ٨٠٠ ؛ ابوسعیدي والبلوشي، ٢٠٠٩، ٤٨٩) باس لە هەنگاوەکانی ستراتیژی خانووی بازنەیی دەکەن:

**هەنگاوەکانی پلاندانان:** مامۆستا قوتابیانی دابەشکردووە بۆ چەند گروپێک پاشان داوا لە قوتابیان دەکات:

١- دیاریکردنی ئامانج لە دروستکردنی شێوەی خانووی بازنەیی.

٢- بابەتی سەرەکی دیاری بکە لە ناوەڕاستی بازنەکە بینوسە وە دەتوانرێت دوو لایەن لە بابەتەکە دەستنیشان بکرێت، ئەگەر بابەتەکە وای خواست، هەردوو کێشەکە دەتوانرێت لە ناوەڕاستی بازنەکە بنوسرێت.
٣- دابەشکردنی بابەتی سەرەکی بۆ حەوت بیرۆکە، دەتوانرێت دوو بیرۆکە زیاد بکرێت یان دوو بیرۆکە کەمتر بێت، قوتابی لە ڕێگەی ئەم هەنگاوانەوە دەتوانێت چەمکە ئاڵۆزەکان بگۆڕێت بۆ بڕێکی گونجاو لە زانیاری.
٤- دووبارە داڕشتنەوەی چەمکەکان بەشێوەیەکی وردتر.
٥- دانانی وێنەیەکی سادە یان هێمایەک بۆ ئەو بیرۆکەکان کە گوزارشت لە چەمکەکان و بڕگەکان بکات لە هەموو پارچەکاندا.
٦- دڵنیابوونەوە لەوەی هەر چەمکێک کە لەدوای دێت تەواوکەری ئەوەی ترە.

**قۆناغی دیزایینکردن**

٨- دەست دەکرێت بە پڕکردنەوەی خانەکانی خانووی بازنەیی بە بیرۆکەکان هێماکان وەکو خولانەوەی میللی کاتژمێر.
٩- ئەگەر هاتوو هەر خانەیەک لە خانەکانی شـێوەی خانووی بازنەیی گران بێت یان پێویسـتی بە فراوان کردن هەبێت ئەوە قوتابی گەورەی ئاکاتەوە.
١٠- پێویستە نوسینەکان بەشێوەیەک بێت کە کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەکان قوتابیان هەبێت.

**قۆناغی بیرکردنەوە**

١١- هەر گروپێک ئەو شیوەیەی کە دروستی کردووە پیشانی تاکەکانی پۆلەکەی دەدات و مامۆستا و قوتابیان قسـەی لەسـەر دەکەن.
١٢- بەکارهێنانی مۆدڵەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی شـێوەی خانووی بازنەیی (پێوەرەکانی هەڵسـەنگاندنی دروسـت کردنی خانووی بازنەیی).

**گرنگی ستراتیژی خانووی بازنەیی**

**(ورد و لی) باسی گرنگی ستراتیژی شێوەی خانووی بازنەیی دەکەن ( Ward &Lee، ٢٠٠٦، ١٨ )**

١- بونیادنانی بنچینەیەکی پتەو، کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی هەڵەی قوتابی سەبارەت بە چەمکەکان.
٢- هـاندانی قوتـابی بۆ ئەوەی متمـانەی بە خۆی زیـاتر دەبێت. ئەمەش یـارمەتی فێرخواز دەدات بیرۆکەکـانی خۆی دەرببڕێت بە دروستی.
٣- گواستنەوەی کاری قوتابی لە ئاسانەوە بۆ کارێکی ئامانجدار مانادار.
٤- باشتربوونی کارامەیی نوسینی قوتابی، دەتوانن بڕگەی بەسوود و مانادار بنووسن.

**ڕۆڵی قوتابی لە ستراتیژی شێوەی خانووی بازنەیی**

(نەدا) باسی ڕۆڵی قوتابی دەکات لەم ستراتیژە (ندی، ٢٠٠٩، ١)
- قوتابی ناونیشانی سەرەکی لەناو بازنە بچوکەکە دەنوسێت.
- تۆمارکردنی هەموو بیرۆکەکانی بابەتیی وانەکە وەکو میللی کاتژمێر.
- لە هەر خانەیەک بیرۆکەیەکی تەواو دەنوسێت.
- بیرۆکەکان بەوێنەیەکی بچوک لەناو خانەکە ڕووندەکاتەوە.

**ڕۆڵی مامۆستا لە ستراتیژی شێوەی خانووی بازنەیی**

(نەدا) باسی ڕۆڵی مامۆستا دەکات لەم ستراتیژە ( ندی ٢٠٠٩،١)
- دەڵێت: دانانی پلانێکی دروست بۆ ئامانجەکانی وانەکە بەپێی بابەتەکە، دابەشکردنی بەندەکانی وانەکە بۆ گروپ. دروستکردنی کەشێکی گونجاو لە پۆلدا، بەجۆرێک قوتابیان پێشبڕکێی یەکتری بکەن لە دروستکردنی ستراتیژەکە بە شێوەیەکی جوان، واتە بوونی گفتوگۆی کاریگەر لەنێوانیان، جوراوجۆری ئامرازە زانستییەکان وەک (وێنە هێما ... هتد).

**پەیوەندی ستراتیژی شێوەی خانووی بازنەیی بە وانەی مێژوو**

لەبەرچاوگرتنی ئەو پێشکەوتنانەی لەم دواییدا لە بواری پەروەردە و ڕێگەکانی وانەوتنەوە هاتووەتە ئاراوە و گواستنەوەی چالاکی مامۆستا لە وانەوتنەوە بۆ چالاکی قوتابی، کە قوتابی لایەنی سەرەکی پرۆسەی زانستییە، بۆیە دەبووایە پشت ببەستێت بە ستراتیژی نوێ، کە لەگەڵ شێوازە جیاوازەکانی قوتابیان بگونجێت، وایان لێدەکات توانایان زیاتربێت بۆ فێربوون، یارمەتی مامۆستا دەدات بۆ دانانی پلانی وانەکە و توانای هەڵسەنگاندن، دابینکردنی پێداویستییەکانی قوتابیان سەرەڕای جیاوازی تاکەکەسی نێوانیان، هەروەها یارمەتیت دەدات بۆ جێبەجێکردنی بنەماکانی فێربوون، کە سەرچاوەکەی عەقڵە و گواستنەوەی فێربوون لە دەربڕینەوە بۆ فێربوونی مانادار، هەروەها یارمەتی قوتابیان دەدات بۆ پەرەپێدان و پێکهێنانی چەمکەکان، کە ئەمە یەکێکە لە پێداویستییەکانی گەشەی عەقڵی و پەرەپێدانی ئاستی باڵای عەقڵی قوتابیان، یارمەتی قوتابیان دەدات بۆ دۆزینەوەی مانا و کاریگەرییەکانی ئەو شتانەی فێری دەبن یارمەتی فێرخواز دەدات بۆ بونیادنان و ڕێکخستنی زانیارییەکان و بەکارهێنانی لە کاتی پێویستدا، هەر لەبەر ئەمەشە لە ستراتیژی شێوەی خانووی بازنەیی یەکێکە لە گرنگترین ستراتیژییەکان کە بەکاردەهێنرێت بۆ فراوانکردن و قوڵبوونەوە لە مانای چەمکە مێژووییەکان (عبدالحليم ، ٢٠٢٢، ٥٧).

**بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان چییە؟**

مرۆڤ بوونەوەرێکە خاوەن مێژووە، دوای هاتنی مرۆڤ، ئەم گەردوونە شێوەیەکی نوێی وەرگرت، دوای دروست بوون و نیشتەجێبوونی مرۆڤ لەسەر زەوی و ئادەمیزاد، کە خاوەن هێز و بەرپرسیارێتی تایبەتە، ئەم بوونەوەرە هۆشیارە پلەی پێشکەوتنی جیاوازە لە بوونەوەرەکانی تر، مرۆڤ بۆ خۆی چاودێری مێژووی ئەم گەردوونەی کردووە و ئاشکرای کردووە، بەڵام هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ جیاوازی مرۆڤ لەم ڕووەوە بەو مانایە نییە مرۆڤ بە تەنها مێژوو دروست دەکات، یاخود تاکە هۆکاری دروست بوونی مێژووە، ڕاستی ئەم بابەتە ئەوەیە، کە ئەم گەردوونە شانۆی ڕوودانی ڕووداوە مێژووەکانە ( العجمي، ٢٠٠٨، ٢٣). ئەگەر تەماشای بیرکردنەوەی مێژووی بکەین بریتییە لە کۆمەڵێک کارامەیی بیرکردنەوە، هەر کارامەییەک پێکدێت لە کۆمەڵێک بەش و پرسیار، بەپێی بابەتەکە و بڕیاردانی پەروەردەیی پێویستە لەسەر قوتابی فێرییان بێت بۆ گەشەپیدان بە زانستی مێژوو (خريشة،٢٠٠٤ ، ١٤٢، ١٨٩ ).

**گرنگی بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژوییەکان**

گرنگی بیرکردنەوەی مێژووی بە چەندخاڵێک ڕوونکراوەتەوە لەلایەن توێژەران (حميد و محمد ٢٠١٩، ٨٩-٩٠ ):

- یارمەتی بونیادنانی عەقڵی کراوە دەدات بۆ ئەوەی توانای بڕیاردانی هەبێت، هانی قوتابیان دەدات بۆ گفتوگۆ و مشتومڕکردن لە ڕێگەی پرسیارکردن و ئەو گومانانەی لەلایەن مێژوونوسانەوە پێشکەش دەکرێت بەم شێوەیە دەتوانرێت عەقڵی ئەزموونی بونیاد بنرێت.
- پرۆسەی بنەڕەتی بیرکردنەوە پێکدێت لە تێبینی و لێکۆڵینەوە پێوانەکردن و پۆلێنکردن و پێشبینی و دەرئەنجام و جیاوازی و شیتەڵکردن ... هتد.
- ڕوانگەیەکمان پێدەبەخشیت بۆ ڕابردوو کە دەتوانین بەکاریبهێنین بۆ تێگەیشتن لە زانیارە مێژووییەکان، کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، ئێمە لە ڕووداوەکان تێدەگەین کاتێک سەیری چوارچێوەی پەیوەندی نێوان بەشە جیاوازەکان دەکەین.
- یارمەتی قوتابی دەادت بۆ شیکردنەوە و شیتەڵکردنی ڕاستییە مێژووییەکان لە ڕێگەی پێشکەشکردنی دیدگای مێژوونوسان کە لە هەندێک جار ناکۆکن.
- پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی لە ڕێگەی گەشەپێدانی هەست و سۆزەوە کە پەیوەندیان بە لێکۆڵینەوە مێژووییەکانی پێشوترەوە هەیە، ناسینی ماندووبوون و دەستکەوتەکانیان و هاوسۆزی لەگەڵیان.

**ڕۆڵی مامۆستای مێژوو لە گەشەپێدانی کارامەیی بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان:**

ڕەنگە کەسێک بیر لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە بکاتەوە لە بواری پەروەردە و پێشکەوتنی خێرا و ڕێگەی پیشاندانی بابەتی مێژوو، بۆی دەردەکەوێت هێشتا لەلایەن مامۆستاوە بەشێوەیەکی ئاسایی پێشکەش دەکرێت، ئەمەش لە ڕێگەی لەبەرکردن و گوتنەوەی لەلایەن قوتابییەوە ناگاتە ئاستی دونیا بەپێی پۆلێنکردنی بلۆم، هەر ئەمەشە کە داوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و کۆنفراس دەکات بۆ پەرەپێدانی کارامەیی بیرکردنەوە لای قوتابی ئەمەش بەندە بە مامۆستاوە، کە دەبێت پسپۆرییەکی تایبەتی هەبێت بگونجێت لەگەڵ دیاردەی گەشەی چەندایەتی و چۆنایەتی زانیارییەکان، لەبەر ڕۆشنایی ئەم شۆڕشە زانیارییەدا خۆمان دەبینینەوە پێویستمان بە مامۆستایەک هەیە بیرمەند و ڕەخنەگر و ڕێبەر و پەروەردەکار بێت نەک تەنها گواستنەوەی زانیاری بێت. ئەگەر بمانەوێت نەوەیەک پەروەردە بکەین توانای بیرکردنەوەیەکی هۆشیارانەیان هەبێت بەرانبەر بە ڕووداوە مێژووییەکان لەوکاتەدا پێویستیمان بە مامۆستایەک هەیە، توانای بیرکرنەوەی هەبێت لە مێژوو تاوەکو قوتابییەکانی ڕابهێنێت چۆن مامەڵە بکەن لەگەڵ ڕووداوە مێژووییەکان (حمید و محمد ، ٢٠١٩، ١٠٤ ).

**دووەم: توێژینەوەکانی پێشووتر:**

**ئەم بەشە لە ژمارەیەک توێژینەوەی پێشوو پێکدێت کە پەیوەندییان بە بابەتی توێژینەوەکە هەیە، لە دەست نیشانکردنی ئامرازەکان و دیزایینی توێژینەوەکە سوودیان بە توێژەران گەیاندووە.**

| ت | ناوی توێژەر و ساڵ و شوێن | ناونیشانی توێژینەوە | ئامانجی توێژینەوە | نموونەی توێژینەوە | ڕێبازی توێژینەوە | ئامرازەکانی توێژینەوە | ئامرازە ئامارییەکان | گرنگترین ئەنجامەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کحلوت، (2012)، (فلسطین) | چالاکی بەکارهێنانی ستراتیژی خانووی بازنەیی لە گەشەپێدان و چەمک و کارامەیی بیرکردنەوەی بینراو لە جوگرافیا لە لای قوتابیانی پۆلی یانزە لە غەزە. | دۆزینەوەی چالاکی بەکارهێنانی ستراتیژی خانووی بازنەیی لە گەشەپێدانی و چەمک و کارامەیی بیرکردنەوەی بینراو لە جوگرافیا لە لای قوتابیانی پۆلی یانزە لە غەزە | ئەم توێژینەوەیە جێبەجێکراوە لەسەر نموونەیەک قوتابی کچ کە ژمارەیان (76) قوتابی بووە، کە گروپی ئەزموونی (٣٨) قوتابی، گروپی کۆنترۆڵکراو ژمارەیان (٣٨) قوتابی بووە. | ١- ڕێبازی وەسفی شیکاری<br>٢- ڕێبازی نیمچە (نیوە) ئەزموونی پشتی بەم دوو ڕێبازە بەستووە. | ١- تاقیکردنەوەی دەستکەوت<br>٢- تاقیکردنەوەی کارامەیی بینراو | بەکارهێنانی بەرنامەی (**spss**) بۆ چارەسەرکردن و شیکردنەوەی داتاکان و ئامرازە ئامارییەکان و هاوکێشەی (**t-test**) و هاوکێشەی (کودەر ریچاردسۆن). | ڕێگای وانەووتنەوەی ستراتیژی خانووی بازنەیی کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر دەستکەوتی قوتابیان بەراوورد بە ڕێگای کلاسیکی پێشکەشکردنی بابەتی مێژوو بەم ستراتیژە و بەکارهێنای هێما وایکرد کە قوتابیان زیاتر لێتێبگەن و جیاوازی تاکایەتی قوتابیانیش بەدەرکەوت لە دروست کردنی وێنە کێشان و وە گیانی هاوکاری نێوان قوتابیان زیاتر بوو وە دابەشکردنی بەرپرسیارێتی نێوان قوتابیان بە شێوەیەک کە هەموویان چالاک بوون هەر ئەمش بوو وایکرد نمرەیان بەرزتر بێ لە گروپەکەی تر. |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢ | العابد، الصباريني، (2017)، ئوردن | کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژی خانووی بازنەیی لەسەر دەستکەوتی دەستکاریکرنی تێروانینە بەدیلەکان لە زانستە زیندەییەکان لەلای قوتابیانی پۆلی نۆی بنەڕەتی لە ئوردن | ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژی خانووی بازنەیی لەسەر دەستکەوتی دەستکاریکرنی تێروانینە بەدیلەکان لە زانستە زیندەییەکان لەلای قوتابیانی پۆلی نۆی | نمونەی توێژینەوەکە پێکدێت لە (62) قوتابیانی پۆلی چوارەمی زانستی کە (31) قوتابی گروپی ئەزموونی , (31) گروپی کۆنترۆڵکراو. | توێژەر ڕێبازی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە. | ١- تاقیکرنەوەی دەستکەوی<br>٢- تاقیکردنەوەی تێڕوانە بەدیلەکان | توێژەر بەرنامەی ئاماری (spss) بەکارهێناوە. | لە دەرئەنجامەکەدا دەردەکەوێت کە جیاوازی ئاماری بەڵگەداری (٠.٠٥) هەیە، بەشێوەیەکە کە لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونییە کە وانەووتنەوە بە ستراتیژی خانووی بازنەیی کاریگەری هەیە لەسەر دەستکەوت و تێڕوانینە بەدیلەکان بۆیە توێژەر پێشنیاری بەکارهێنانی ئەم ستراتیژە وا ئەکات بۆ چەمکە قورسەکان |
| ٣ | الریکانی الزیباری، حسن، (2022)، (عێراق) | کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژی خانووی بازنەیی لەسەر دەستکەوتی خوێندن لە وانەی مێژوو لەلای قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتی. | زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژی خانووی بازنەیی لەسەر دەستکەوتی خوێندن لە وانەی مێژوو لەلای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی. | ژمارەی قوتابیان پێکهاتبوون لە (37) قوتابی کوڕ، کە (17) قوتابی گروپی تاقیکاری، (19) قوتابی گروپی کۆنترۆڵکراو. | ڕێبازی ئەزموونی بەکارهێناوە. | تاقیکردنەوەی دەستکەوت | بەرنامەی ( spss) بەکارهێناوە بۆ لایەنی ئاماری توێژینەوەکەی کە جی کوبر، ناوەندە ژمێرە، لادانی پێوەری، تاقیکردنەوەی تائی. | ئەنجامەکەی جیاوازی نێوان هەردوو گروپەکە بە بەڵگەی ئاماری ڕوونبۆتەوە کە جیاوازی هەیە لە ناوەندینەی نمرەی قوتابی لە نموونەی توێژینەوەکە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت لە بەرژەوەندی گروپی تاقیکاری بەهۆی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژی شێوەی خانووی بازنەیی. لەبەر ئەوەی لەم ستراتیژە قوتابی میحوەری سەرەکییە لە پرۆسەی فێربوون. |

| ٤ | ٥ |
|---|---|
| Markt &anther، (2017) ، ئەڵمانیا | عبدالرزاق، (2023)، مصر |
| کارامەیی بیرکردنەوەی مێژووی پەیوەستە بە ئەنجامدانەوە لە ئەرکێکی فرە بەڵگەنامەییدا لە لای قوتابیانی ئەڵمانیا. | بەکارهێنانی دراو بۆ توێژینەوەی کۆمەڵایەتی بۆ پەرەپێدانی کارامەیی بیرکردنەوە ی مێژووی لە لای قوتابیانی قوناغی ئامادەیی |
| ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە پێوانەکردنی کارامەیی بیرکردنەوەی مێژووی پەیوەستە بە ئەنجامدانەوە لە ئەرکێکی فرە بەڵگەنامەییدا لە لای قوتابیانی ئەڵمانیا. | دۆزینەوەی کاریگەری بەکارهێنانی دراو بۆ توێژینەوەی کۆمەڵایەتی بۆ پەرەپێدانی کارامەیی بیرکردنەوە ی مێژووی لە لای قوتابیانی قوناغی ئامادەیی. |
| نموونەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ( 111) قوتابی، لە قوتابیانی پۆلە نۆ لە پێنج پۆلی جیاوازی دوو قوتابخانەی ناوەندی ئەڵمانیا | نموونەی توێژینەوەکەپێکدێت لە (80) قوتابی دابەشیکردووە بۆ دوو بەش گروپی ئەزمونی و گروپی کۆنترۆڵکراو |
| توێژەر ڕێبازی ئەزموونی بەکارهێناوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی. | دیارینەکردوە. |
| ١- تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی مێژوویی<br>٢- تاقیکردنەوەی کراوە | تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی مێژووی لە بابەتی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی. |
| توێژەر بەرنامەی شیکاری ئاماری (t-test) بەکارهێناوە بۆ لایەنی ئاماری توێژینەوەکە.. | الفا کرونباخ بە بەکارهێنانی بەرنامەی (spss v. 18)). هەروەها ناوەندە ژمێری بەکارهێناوە بۆ کاتی تاقیکردەوەی ( الاستطلاعي).. |
| توێژەر لە کۆتایی توێژینەوەکەی گەیشتە ئەوەی کە کارامەیی بیرکردنەوەی مێژووی پەیوەندیان بە شارەزایی ئەرکی فرە بەڵگەنامەییدا هەیە و باس لە کاریگەرییەکانی دەکات لە توێژینەوەکانی داهاتوو. | ڕوونکردنەوەی کۆتایی ئەنجامی توێژینەوەکە وانە وتنەوەی بابەتی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی بە بەکارهێنانی دراو کاریگەرییەکی چالاکی هەبووە لە پەرەپێدانی هەندێک کارامەیی بیرکردنەوەی مێژوویی لە لای قوتابیانی قوناغی ئامادەیی ئەمەش لەڕێگای هێنانی دراو بۆ ئەوەی قوتابیان هەستن بەدەست نیشانکردنی بیرۆکەی سەرەکی دەقەکە ڕوونکردنەوەی نوسراوەکانی دراوەکە بۆ ئەوە ڕووداوە ڕاستەقینەکان و پرسەکانی تایبەتەکان یەکێکە لەو هۆکارانەی کە بۆتە بەرزبوونەوەی کارامەیی خوێندنەوەی مێژووی لای قوتابیان. |

**بەراووردکردنی توێژینەوەی ئێستا بە توێژینەوەکانی پێشووتر:**

**١- خاڵی لێکچوونی ئەم توێژینەوەی ئێستا لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو:**

- توێژینەوەکەی عبدالرزاق (٢٠٢٣) بەبەکارهێنانی شێوازی نیوە ئەزموونی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەی ئێستایە لە بەکارهێنانی شێوازی نیوە ئەزموونی - ئەم توێژینەوەی ئێستا هاوشێوەی توێژینەوەکانی پێشووە، توێژەر خۆی وانەی بە قوتابیانی هەردوو گروپی توێژینەوەکە وتووە، ئەمەش پرسێکی گرنگە بۆ پاراستنی سەلامەتی توێژینەوەکە.
- ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە هاوشێوەی توێژینەوەکانی پێشووە، کە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە لە بەرژەوەندی ستراتیژی خانووی بازنەییە.

**٢- خاڵی جیاوازی ئەم توێژینەوەی ئێستا لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو:**

- ئامانجی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا جیادەکرێتەوە لە توێژینەوەکانی تر بەوەی ئامانجی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا کاریگەری ستراتیژی خانووی بازنەیی لەسەر بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان و گەشەپێدانی دەستکەوتەی خوێندن لە بابەتی مێژوو لەلای قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی.
- زۆربەی توێژینەوەکانی پێشوو نموونەی توێژینەوەکانیان لە ئاستە جیاوازەکانی خوێندن وەرگرتووە نموونەی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا بریتییە لە قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی.
- ژمارەی نموونەی قوتابیانی توێژینەوەکانی پێشوو جیاوازن ئەم توێژینەوەیەی ئێستا ژمارەیان دەگاتە (٥٧) قوتابی.

## بەشی سێیەم

## ڕێکارییەکانی توێژینەوە


توێژەران کۆمەڵێک ڕێکاریان جێبەجێکردووە بۆ گەیشـــتن بە ئامانجەکان و گریمانەکانی توێژینەوە بەم شـــێوەیەی خوارەوە:

### یەکەم: ڕێبازی توێژینەوە:

توێژەران بەپێی سروشتی توێژینەوەکە و ئامانجەکانی ڕێبازی ئەزموونیان بەکارهێناوە.

### دووەم: دیزایینی توێژینەوەکە

توێژەران لە توێژینەوەکەیاندا پشتیان بەستووە بە دیزایینی ئەزموونی بە کۆنترۆڵی بەشی بۆ هەردوو گرووپی هاوتایی لەگەڵ تاقیکردنەوەی پاشەکی، دیزاینێکە ڕێگە دەدات بە لێکۆڵینەوە لە کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ (ستراتیژی خانووی بازنەیی) لەسەر دوو گۆڕاوی وابەستەکراو (دەستکەوت)، (بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان)، گرووپی ئەزموونی بەپێی ستراتیژی خانووی بازنەیی بابەتی مێژوو وەردەگرن و گرووپی کۆنترۆڵکراو بە ڕێگەی ئاسایی. بڕوانە ئەم شێوەیەی خوارەوە:




**( دیزایینی توێژینەوە)**

### سێ یەم: کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە

#### ١ -کۆمەڵگەی توێژینەوە

کۆمەڵگەی توێژینەوە پێکهاتووە لە هەموو قوتابیانی پۆلی دەیەمی وێژەیی لە گشت قوتابخانەکانی ئامادەیی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی بنەسڵاوە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤ - ٢٠٢٥)، ژمارەیان ( ١١٤٣) قوتابییە لەوانەش (٤٤٣) قوتابی کوڕ بەسەر (١٠) قوتابخانە دابەشکراون و (٥٧٦) قوتابی کچ بەسەر (١٤) قوتابخانە دابەشکراون لەگەڵ (١١) قوتابخانەی تێکەڵاو، ژمارەی قوتابیانی کچ لە سنووری بنەسڵاوە (٦٤٧) قوتابییە و کۆی ژمارەی قوتابیانی کوڕ لە پەروەردەی بنەسڵاوە (٤٩٦) قوتابییە، بەیانیان دەوام دەکەن.

**نموونەی توێژینەوەش پێکدێت لە دوو بەش:**

**٢- نموونەی توێژینەوە**

**١- نموونەی قوتابخانەکان:**

نموونەی قوتابخانە بەشێکە لەو کۆمەڵگەیەی، کە توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجامدەدرێت، بەپێی چەند ڕێسایەکی تایبەت هەڵدەبژێردرێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دروست نوێنەرایەتی کۆمەڵگە بکات (داود و عبدالرحمن، ١٩٩٠، ١١٩). توێژەران قوتابخانەی ئامادەیی سێنکی کوڕانیان هەڵبژارد، توێژەران بە مەبەست قوتابخانەی ئامادەی سێنکی کوڕانیان هەڵبژارد بە هۆی:

- بوونی ژمارەی پێویستی قوتابیان لە قوتابخانەکە، لەبەر ئەوەی زۆربەی قوتابخانەکان لە یەک گروپ قوتابیان پێکهاتبوون کەچی قوتابخانەی ناوبراو ژمارەی قوتابی پێویستی هەبوو.
- بەهۆی نزیکی قوتابخانەکە لە ماڵی توێژەران.
- بوونی ئامرازی پێویست بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە وەک نەخشە.
- ئیدارەی قوتابخانەکە ئامادەی خۆی دەربڕی بۆ هاوکاری کردنی توێژەر، بۆ ئەوەی لە حەفتەیەک توێژەر سێ بەشە وانە بڵێتەوە بۆ ئەوەی تاقیکردنەوەکە بەڕێک و پێکی بەڕێوەبچێت.
- هاوکاریکردنی مامۆستای مێژوو بە پێدانی هەموو زانیارییە پێویستەکان بە توێژەر.

**٢- نموونەی توێژینەوە:**

توێژەران پێش دەستپێکردنی تاقیکردنەوەکە سەردانی قوتابخانەکەیان کردبوو، دوو پۆلی قوتابیانی پۆلی دەیەمی وێژەی هەیە، ژمارەیان (٥٧) قوتابی بوو. توێژەران بەشێوەیەکی هەڕەمەکی گروپی (ب)ی دەست نیشان کرد، چونکە ژمارەی قوتابیانی زیاتر بوو لە گروپی کۆنترۆڵکراو، گروپی ئەزموونی ژمارەی قوتابیانی (٣٢) قوتابی بوو، گروپی (أ) بوو بە گروپی کۆنترولکراو ژمارەی قوتابیانی (٢٥) قوتابی بوو، دوای هاوسەنگ کردن توێژەر (١١) قوتابی لە گروپی (ب) و (٤) قوتابی لە گروپی (أ) دوورخستەوە بۆ ئەوەی کاریگەری نەبێت لەسەر ئەزموونەکە، چونکە قوتابی کەوتووی ساڵی پێشوو بوون، ئەم قوتابیانە لەناو پۆل بوون، بەڵام توێژەر هەژماری نەکردن. بڕوانە خشتەی ژمارە (١)

**خشتەی ژمارە(١) ژمارەی قوتابیانی نموونەی توێژینەوە**

| گرووپ | پۆل | ژ. قوتابیان پێش دوورخستنەوە | ژ.قوتابیانی کەوتوو | ژمارەی قوتابیان دوای دوورخستنەوە |
|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ب | ٣٢ | ١١ | ٢١ |
| کۆنترۆڵکراو | أ | ٢٥ | ٤ | ٢١ |
| کۆی گشتی | | ٥٧ | ١٥ | ٤٢ |

**٣- هاوسەنگی گروپەکان**

أ- سەلامەتی ناوەوەی دیزاینی ئەزموونی: توێژەران پێش ئەوەی دەست بکەن بە جێبەجێکردنی توێژینەوەکە پێویستە هەندێک لە هۆکارەکان کۆنترۆڵ بکات ئەوانیش بریتین لە:

**١ – تەمەنی قوتابیان بە مانگ**

توێژەران تەمەنی قوتابیانیان لە خودی خۆیان وەرگرت لە ڕێگەی دابەشکردنی فۆرمێکەوە بەسەریاندا. پاشکۆی ژمارە (٣)، دواتر تەمەنی هەریەکەیان بە مانگ دەرهێنا تا پێش ٢٦-١-٢٠٢٥، توێژەر تاقیکردنەوەی تائي (t-test) بەکارهێنا لە ئەنجامدا دەرکەوت جیاوازی واتاداری ئاماری نییە لەنێوان هەردوو نمونە سەربەخۆکە، چونکە بەهای گریمانەکراو (٢،٠٢١) گەورەترە لە بەهای هەژمارکراو (١،١٣٧) لە ڕێژەی هەڵە لە ئاستی (٠،٠٥) بە نمرەی ئازاد (٤٠)، بۆیە واتادار نییە ئەمەش هاوسەنگی هەردوو گروپەکە لە گۆڕاوی تەمەندا دەردەخات وەک لە خشتەی (٢).

**خشتەی ژمارە (٢) ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ جیاوازی ناوەندە ژمێرەی تەمەنی قوتابیانی هەدوو گروپ**

| گرووپ | ژمارەی قوتابیانی نموونە | ناوەندە ژمێرەی | لادانی پێوەری | نرخی (ت) دەرهێنراو (هەژمارکراو) | نرخی (ت) گریمانە (خشتەی) | نمرەی ئازاد (درجة الحرية) | دەلالەت لە ئاستی (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ٢١ | ١٩٨،٧٦ | ٨،٩٢ | ١،١٣٧ | ٢،٠٢١ | ٤٠ | بەلگەدار نییە |
| کۆنترۆلکراو | ٢١ | ٢٠٢،٣٣ | ١١،٢٨ | | | | |

**٢- ئاستی زیرەکی**

توێژەران تاقیکردنەوەی ڕاڤنی (Raven) بەسەر هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو جێبەجێکرد. پاشکۆی ژمارە (٤)، کە بۆ ژینگەی عێراقی ڕێکخراوە (مقنن) بۆ ئەو تاکانەی تەمەنیان لەنێوان (١٥-٦٥) ساڵیدایە ( الدباغ واخرون، ١٩٨٣، ٢١-٣١). ئینجا بۆ زانینی جیاوازی نێوان هەردوو گروپ توێژەر تاقیکردنەوەی تایی (t-test)ی بۆ هەردوو نموونەی توێژینەوەکە بەکارهێنا، لە ئەنجامدا دەرکەوت جیاوازی واتاداری ئاماری لەنێوانیاندا نییە، چونکە بەهای گریمانەکراو (٢،٠٢١) گەورەترە لە بەهای هەژمارکراو (٠،٠٨٢) لە ڕێژەی هەڵە لە ئاستی (٠،٠٥) بە نمرەی ئازاد (٤٠) بۆیە واتادار نییە، هەردوو گروپ هاوسەنگن لە گۆڕاوی ئاستی زیرەکیدا هەروەک لە خشتەی ژمارە (٣).

**خشتە(٣) ئەنجامی تایی بۆ جیاوازی نێوان ناوەندەژمێرەی و لادانی پێوەری هەردوو گروپ لەئاستی زیرەکیدا**

| گرووپ | ژمارەی قوتابیانی نموونە | ناوەندە ژمێرەی | لادانی پێوەری | نرخی (ت) دەرهێنراو (هەژمارکراو) | نرخی (ت) گریمانە (خشتەی) | نمرەی ئازاد (درجة الحرية) | دەلالەت لە ئاستی (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ٢١ | ٢٩،٩٠ | ٧،١٩ | ١،١٣٧ | ٢،٠٢١ | ٤٠ | بەلگەدار نییە |
| کۆنترۆلکراو | ٢١ | ٣٠،٠٩ | ٧،٨٣ | | | | |

**٣- ئاستی دەستکەوتی خوێندنی باوکان**

توێژەران هاوسەنگی گروپەکانیان دەرهێنا بۆ دەستکەوتی خوێندنی باوکان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی کای سکوێر (کا$^2$) لە ئەنجامدا دەرکەوت هەردوو گرووپەکە هاوسەنگن لە گۆڕاوی ئاستی خوێندنی باوکان، (کا$^2$) هەژمارکراو (٠،٣٨٢) بچوکترە لە بەهای (کا$^2$) خشتەیی دەگاتە (٥،٩٩) لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری ( ٠،٠٥) و نمرەی ئازاد (٢).

**خشتەی ژمارە (٤) جیاوازی نێوان هەردوو گرووپی توێژینەوە لە ئاستی خوێندەواری باوکانی قوتابیان**

| گرووپ | ژمارەی قوتابیانی نموونە | سەرەتایی | ئامادەیی | دبلۆم و بەکالۆریاس | نرخی (ت) دەرهێنراو (هەژمارکراو) | نرخی (ت) گریمانە (خشتەی) | نمرەی ئازاد (درجة الحرية) | دەلالەت لە ئاستی (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ٢١ | ١١ | ٥ | ٥ | ٠،٣٨٢ | ٥،٩٩ | ٢ | بەلگەدار نییە |
| کۆنترۆلکراو | ٢١ | ٩ | ٦ | ٦ | | | | |

**٤- ئاستی دەستکەوتی خوێندنی دایکان**

توێژەران بۆ هاوسەنگکردنی گروپەکان تاقیکردنەوەی کای سکوێر (کا٢) بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی خوێندنی دایکان لە ئەنجامدا دەرکەوت هەردوو گروپەکە هاوسەنگن لە گۆڕاوی ئاستی خوێندنی دایکان، (کا٢) هەژمارکراو بۆ ئاستی خوێندنی دایکان (٠،٥٥٦)، بچوکترە لە بەهای (کا٢) خشتەیی، دەکاتە (٥،٩٩) لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری ( ٠،٠٥) و نمرەی ئازاد (٢)، کەواتە واتادار نییە. بڕوانە خشتەی ژمارە (٥).

**خشتەی ژمارە (٥) جیاوازی نێوان هەردوو گروپی توێژینەوە لە ئاستی خوێندەواری دایکانی قوتابیان**

| گرووپ | ژمارەی قوتابیانی نموونە | سەرەتای | ئامادەی | دیلۆم و بەکالۆر یاس | نرخی (ت) دەرهێنراو (هەژمارکراو) | نرخی (ت) گریمانە (خشتەی) | نمرەی ئازاد (درجة الحریة) | دەلالات لە ئاستی (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ٢١ | ٨ | ٧ | ٦ | ٠،٥٥٦ | ٥،٩٩ | ٢ | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٢١ | ١٠ | ٥ | ٦ | | | | |

**٥-کۆنمرەی گشتی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی**

ناوەندەژمێری نمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونی (٦٢،٧١)، لادانی پێوەری (٧،٩٥) نمرەیە، لە کاتێکدا ناوەندەژمێری نمرەی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکراو (٦٢،٦٦)، لادانی پێوەری (١٢،٠٣) نمرەیە توێژەر تاقیکردنەوەی تایی (t-test) بەکارهێنا بۆ زانینی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری، لە ئەنجامدا دەرکەوت هیچ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی (٠،٠٥)، چونکە بەهای تایی هەژمارکراو (٠،٠١٥) بچوکترە لە بەهای تایی خشتەیی (٢،٠٢١)، ئەمەش مانای وایە هەردوو گروپی توێژینەوە هاوسەنگن لە نمرەی بابەتی کۆمەڵایەتی لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢ – ٢٠٢٣).

**خشتەی ژمارە (٦) ناوەندەژمێرەیی و لادانی پێوەری و بەهای تایی هەژمارکراو و خشتەی بۆ هەردوو گروپی توێژینەوە ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە کۆنمرەی گشتی بابەتی کۆمەڵایەتی پۆلی نۆیەم بنەڕەتی**

| گرووپ | ژمارەی قوتابیانی نموونە | ناوەندە ژمێرەی | لادانی پێوەری | نرخی (ت) دەرهێنراو (هەژمارکراو) | نرخی (ت) گریمانە (خشتەی) | نمرەی ئازاد (درجة الحریة) | دەلالات لە ئاستی (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ٢١ | ٦٢،٧١ | ٧،٩٥ | ٠،٠١٥ | ٢،٠٢١ | ٤٠ | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٢١ | ٦٢،٦٦ | ١٢،٠٣ | | | | |

**٦- تاقیکردنەوەی پێشەکی بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان**

بە ئامانجی بەدەستهێنانی هاوسەنگی نێوان هەردوو گروپی توێژینەوە (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) لە پێوەری بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان. توێژەران پێوەرەکەیان پێشکەشی کۆمەڵێک لە شارەزایانی بواری پەروەردە و دەروونناسی و ڕێگەکانی وانەوتنەوە کرد، ئەم تاقیکردنەوەیە جێبەجێکرا بە مەبەستی هاوتابوون لەسەر قوتابیانی توێژینەوە (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) لە ڕۆژی (٢٨-١-٢٠٢٥) زایینی، کە لێرەدا ناوەندەژمێرەی بۆ هەر یەکێک لە گروپەکان دەرهێنرا، ناوەندەژمێرەی نمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونی (١٠٢،١٩)، گروپی کۆنترۆڵکراو (١٠٣،٣٣) و نمرەی ئازاد (٤٠)، هەروەها بەهای تایی (t-test) هەژمارکراو (٠،٢٥٢)، کە ڕێژەکەی کەمترە لە بەهای خشتەیی بەهاکەی بریتییە لە (٢،٠٢١) لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری (٠،٠٥)، بۆیە هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری نییە بۆ گۆڕاوی بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان بۆ هەردوو گروپی توێژینەوە (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو).

**خشتەی ژمارە (٧) نمرەی قوتابیانی هەردوو گرووپی توێژینەوە بۆ تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان.**

| گرووپ | ژمارەی قوتابیانی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نرخی (ت) | | نمرەی ئازاد (درجة الحرية) | دەلالەت لە ئاستی (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دەرهێنراو (هەژمارکراو) | گریمانە (خشتەیی) | | |
| ئەزموونی | ٢١ | ١٠٢،١٩ | ١٣،٨٩ | ٠،٢٥٢ | ٢،٠٢١ | ٤٠ | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٢١ | ١٠٣،٣٣ | ١٥،٤٨ | | | | |

**خشتەی ژمارە (٨) نمرەی هاوسەنگی قوتابیانی ئەزموونی**

| تەمەن بە مانگ | تێکڕای نمرەی کۆمەڵایەتییەتی | تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان | ئاستی دەستکەوتی | | تاقیکردنەوەی زیرەکی ڕافن |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | باوکان | دایکان | |
| ٢٠٤ | ٦٣ | ١٢٧ | بێ بڕوانامە | ئامادەیی | ٢٦ |
| ٢٠٤ | ٥٠ | ١١٩ | بنەڕەتی | سەرەتایی | ٢١ |
| ٢٠٤ | ٥٠ | ١١٨ | بێ بڕوانامە | پەیمانگا | ٣٠ |
| ١٨١ | ٥٦ | ٩٢ | سەرەتایی | بێ بڕوانامە | ٣٤ |
| ٢٠٥ | ٦٠ | ١٠٣ | پەیمانگا | بنەڕەتی | ٣٤ |
| ١٩٣ | ٦٨ | ٨٩ | سەرەتایی | بەکالۆریاس | ٢٦ |
| ١٩٣ | ٦٠ | ١٠٨ | بێ بڕوانامە | سەرەتایی | ٢٢ |
| ١٩٢ | ٦٧ | ٩٦ | سەرەتایی | بنەڕەتی | ٣٥ |
| ١٩٣ | ٧٠ | ١١٤ | بەکالۆریاس | سەرەتایی | ٢٢ |
| ٢٠٥ | ٦٥ | ٩١ | بێ بڕوانامە | بێ بڕوانامە | ٢٨ |
| ٢٠٤ | ٥٠ | ١٠٣ | پەیمانگا | سەرەتایی | ٣٣ |
| ٢٠٤ | ٦٩ | ٩٤ | بێ بڕوانامە | بەکالۆریاس | ٤٤ |
| ٢١٦ | ٦٥ | ١١٨ | سەرەتایی | بێ بڕوانامە | ١٩ |
| ٢٠٤ | ٧٥ | ١١٠ | پەیمانگا | بنەڕەتی | ٤٤ |
| ٢٠٥ | ٦٥ | ٩٤ | بێ بڕوانامە | سەرەتایی | ٢٥ |
| ٢٠٥ | ٦٥ | ٧١ | بێ بڕوانامە | بێ بڕوانامە | ٣٦ |
| ٢٠٥ | ٧٥ | ١١٥ | ئامادەیی | بێ بڕوانامە | ٢٥ |
| ١٨٠ | ٥٨ | ١٠٢ | پەیمانگا | پەیمانگا | ٤٠ |
| ١٩٢ | ٥٠ | ٨٤ | بنەڕەتی | بێ بڕوانامە | ٢٧ |
| ١٩٣ | ٦٥ | ٩٠ | سەرەتایی | ئامادەیی | ٢٦ |

**خشتەی ژمارە (٩) نمرەی هاوسەنگی قوتابیانی کۆنترۆڵکراو**

| ژمارە | تەمەن بە مانگ | تێکڕای نمرەی کۆمەڵایەتی | تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان پێشەکی | ئاستی دەستکەوتی | | تاقیکردنەوەی زیرەکی ڕاڤن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | باوکان | دایکان | |
| ١ | ١٩٢ | ٧١ | ١٣٠ | سەرەتایی | پەیمانگا | ٣٠ |
| ٢ | ١٩٣ | ٩١ | ٩٥ | بێ بڕوانامە | سەرەتایی | ٣٢ |
| ٣ | ١٩٢ | ٥١ | ٨٥ | سەرەتایی | ئامادەیی | ٣٣ |
| ٤ | ١٩٣ | ٦٦ | ١٣٩ | بەکالۆریاس | بێ بڕوانامە | ٤ |
| ٥ | ٢١٧ | ٥٦ | ١١٢ | سەرەتایی | پەیمانگا | ٣٠ |
| ٦ | ٢٠٤ | ٥٠ | ٩٨ | بنەڕەتی | سەرەتایی | ٣٧ |
| ٧ | ١٩٣ | ٧٢ | ٩٢ | بێ بڕوانامە | بنەڕەتی | ٣٢ |
| ٨ | ١٩٣ | ٥٣ | ١١١ | بنەڕەتی | بەکالۆریاس | ٣٦ |
| ٩ | ١٩٣ | ٦٥ | ١٢١ | پەیمانگا | بێ بڕوانامە | ٢٧ |
| ١٠ | ١٩٣ | ٥٤ | ١١١ | بێ بڕوانامە | بەکالۆریاس | ٣٣ |
| ١١ | ١٩٢ | ٦٠ | ١١١ | بنەڕەتی | بێ بڕوانامە | ٣٩ |
| ١٢ | ١٩٢ | ٩٠ | ٨٧ | بێ بڕوانامە | بنەڕەتی | ١٩ |
| ١٣ | ٢٠٤ | ٦٠ | ١١٢ | پەیمانگا | بێ بڕوانامە | ٢٥ |
| ١٤ | ٢١٧ | ٨١ | ١٠٩ | سەرەتایی | بەکالۆریاس | ٣٤ |
| ١٥ | ٢٠٤ | ٦١ | ٨٥ | بنەڕەتی | بێ بڕوانامە | ٣٤ |
| ١٦ | ٢٠٤ | ٦٣ | ٨٩ | پەیمانگا | بنەڕەتی | ٣٩ |
| ١٧ | ٢١٧ | ٥٠ | ٩٠ | سەرەتایی | بنەڕەتی | ٣٦ |
| ١٨ | ٢٠٥ | ٥٦ | ٨٠ | بەکالۆریاس | سەرەتایی | ٢٤ |
| ١٩ | ٢٢٩ | ٥٦ | ١٠٦ | ئامادەی | بەکالۆریاس | ٣٠ |
| ٢٠ | ٢١٧ | ٦٢ | ٩٩ | بنەڕەتی | سەرەتایی | ٣٢ |
| ٢١ | ٢٠٥ | ٦٧ | ١٠٨ | بەکالۆریاس | بێ بڕوانامە | ٣٦ |

**چوارەم:**

**دیاریکردنی گۆڕاوەکان و کۆنترۆڵکردنیان**

جگە لە ڕێکارەکانی هاوسەنگی ئاماری نێوان هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە پێنج گۆڕاودا، توێژەران هەوڵیاندا خۆیان لە کاریگەری هەندێک لە گۆڕاوە دەرەکییەکان بە دوور بگرن، کە کۆنترۆڵکردنی ئەم گۆڕاوانە بەم شێوەیەن:

**هۆکارەکانی کاریگەر لەسەر دروستی ناوەوەی دیزایینی توێژینەوەکە هەیە:**

- **بارودۆخی تاقیکردنەوەکە:** هەندێک لە تاقیکردنەوەکان ڕووبەڕووی ڕووداوی سروشتی و یان بارودۆخی لە ناکاو دەبنەوە وەک شەڕ و کۆچ ... هتد، جگە لە هەندێک پشوو ئەو پشووە لە ڕۆژانی تردا قەرەبوو کرایەوە، بۆیە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئەنجامی توێژینەوەکە نەبووە.

- **پرۆسەکانی پەیوەست بە گەشەکردن:** توێژەران یەکسانی نێوان هەردوو گروپی توێژینەوەکەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو، کە تەمەنی قوتابیانیان بە مانگ هەژمار کردووە بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی فاکتەری گەشەکردن.

- **جیاوازی تاقیکردنەوەی نێوان گروپەکان:** توێژەران هەوڵیاندا خۆیان لە کاریگەرییەکانی ئەم گۆڕاوە بە دوور بگرێن بە ئەنجامدانی هاوسەنگی ئاماری نێوان هەردوو گروپی توێژینەوە ( ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو ) لە پێنج گۆڕاودا:

(نمرەی تاقیکردنەوەی زیرەکی، تەمەنی قوتابیان بە مانگ، دەستکەوتی خوێندنی دایک و باوک، نمرەی بابەتی کۆمەڵایەتی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣)، نمرەی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان.

- **جێهێشتنی ئەزموونەکە (الاندثار التجريبي):** لە ماوەی ئەزموونی هیچ دابڕانێک و تەرککردنی هیچ قوتابییەک لە هەردوو

گرووپی توێژینەوەکە نەبوو تەنها ئامادەنەبوونی تاکەکەسی ڕێژەیەکی کەمی، کە بە نزیکەیی یەکسان بوون لە هەردوو گرووپەکە.

– **ئامرازەکانی پێوانەکردن:** توێژەران دوو ئامرازیان بەکارهینا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە؛ یەکەم تاقیکردنەوەی دەستکەوتی کۆتایی لە بابەتی مێژووی شارستانییەت قۆناغی ئامادەیی پۆلی دەیەمی ویژەی، لەبەر ڕۆشنایی شەش ئاستی مەعریفی پۆلێنی بلۆم. ئامرازی دووەم تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان، توێژەران دوای دڵنیابووبەوە لە سیفەتە سایکۆمەترییەکان هەردوو ئامرازەکەیان لەسەر قوتابیانی توێژینەوەکە جێبەجێکرد،.

– **کاریگەری هارثون:** ئەم گۆڕاوە بەو مانایە دێت کە قوتابیانی توێژینەوەکە لەژێر تاقیکردنەوەدان زیاتر هەوڵ دەدەن، ئەو ئەنجامەشی بەدەستی دەهێنن لە ئەنجامی گرنگیدانیان بووە بە ئەزموونە نوێیەکە (عبد الدایم، ١٩٨١، ١١٦).

**ب– هۆکارەکانی کاریگەر لەسەر دروستی دەرەوەی دیزایینی توێژینەوەکە**

توێژەران هەندێک ڕێکاریان ئەنجامدا لەوانە:

– **ماوەی توێژینەوەکە:** ماوەی ئەزموونی بۆ هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراوی توێژینەوەکە یەکسان بوو، لە بەرواری ٢٦/ ١٢/ ٢٠٢٥ دەستپێکرد تاوەکو ١١/ ٣/ ٢٠٢٥ کە نزیکەی (٦) هەفتە دەکات.

– **(وانەوتنەوە ):** توێژەران خۆیان وانەیان بە هەردوو گرووپی (ئەزموونی وکۆنترۆڵکراو) دەوتەوە.

– **بابەتی خوێندن:** قوتابیانی هەردوو گرووپی توێژینەوە بە ئەزموونی و کۆنترۆڵکراوەوە هەمان بابەتیان خوێندووە، کە بریتی لە ( بەشی پێنجەم: شارستانی ڕۆمانی، بەشی شەشەم: شارستانی ئێرانی، بەشی حەوتەم: شارستانی ئیسلامی تاوەکو کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە ڕووی جۆری ژیان و باری گوزەرانەوە).

– **ئامرازەکانی وانەوتنەوە:** توێژەران زۆر بە ئاگاییەوە کاریانکردووە لەسەر ئەوەی بە یەکسانی ئامرازەکان بەکاربهێنن بۆ هەردوو گرووپەکە، ئەویش بریتی بوون لە پەرتووکی مێژووی شارستانییەکان، وایت بۆرد، قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ، وێنەی ڕەنگاوڕەنگ، نەخشە.

– **شوێنی توێژینەوە:** توێژەران توێژینەوەکەیان لەسەر دوو گروپ جێبەجێکردووە (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) لە ئامادەی سێنکی کوران، کە سەر بە پەروەردەی بنەسڵاوەیە.

– **دابەشکردنی وانەی خوێندن:** توێژەران لەگەڵ کارگێڕی قوتابخانە ڕێککەوتن لەسەر خشتەی هەفتانە و کات و ڕۆژی وانەوتنەوە بۆ هەردوو گرووپی توێژینەوە لە هەفتەیەکدا بەشە وانە بۆ هەریەک لە گرووپی کۆنترۆڵکراو ئەزموونی.

**پێنجەم: پێداویستیەکانی توێژینەوە**

**أ – دیاریکردنی بابەت:**

توێژەران پشتیان بەست بە بابەتەکانی بەشی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم تاوەکو کورد لەسەدەکانی ناوەڕاست لەڕووی جۆرو ژیان و گوزەرانەوە لەناو کتێبی پۆلی دەیەمی ویژەیی بۆ قۆناغی ئامادەیی. بۆ هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو. بڕوانە خشتەی ژمارە ١٠).

**خشتەی ژمارە (١٠) دابەشبوونی وانەکانی بابەتی وەرزی**

| بەشەکان | ژمارەی لاپەرە | بابەتی خوێندن |
|---|---|---|
| **پێنجەم** | ٤ | شارستانییەتی ڕۆمانی |
| **شەشەم** | ١٤ | شارستانییەتی ئێران |
| **حەوتەم** | ٢٨ | شارستانییەتی ئیسلامی تاوەکو کورد لەسەدەکانی ناوەڕاست |

**ب – داڕشتنی ئامانجەکانی بابەت**

**١- ئامانجی گشتی**

بەم شێوەیە پێناسە دەكرێت:

ئامانجە درێژ خایەنەكان پێویستییان بە ماوەیەكی دوور مەودایە بۆ بەدیهێنانی و كاتەكەی دیارینەكراوە وەک ساڵی خوێندن یان قۆناغێكی خوێندن (سلامة واخرون، ٢٠٠٩، ٦٤).

**٢- ئامانجی ڕەفتاری**

ئامانجە ڕەفتارییەكان بەم جۆرە پێناسە دەكرێت: بریتییە لەو گۆڕانكارییەی كە مەبەست لێی قوتابییە بۆ نیشاندانی ڕادەی ئەو گۆڕانكارییە خوازراوەی كە لەڕەفتاری قوتابیدا ڕوودەدات دەتوانرێت لە پرۆسەی فێربوون یان دوای پرۆسەكە پێوانە بكرێت ( كوافحة، ٢٠٠٤، ٢٣٨ ).

هەر لەبەر ئەم هۆیە توێژەران شیكردنەوەیان بۆ ناوەڕۆكی بابەتی وانەكەی بەپێی ئامانجە ڕەفتارییەكان پۆلێنكردنی بلۆم لە بواری مەعریفی داڕشتووە بۆ هەر شەش ئاستەكە ( بیرهێنانەوە، تێگەیشتن، جێبەجێكردن، شیكردنەوە، پێكهێنان، هەڵسەنگاندن). ئەم ئامانجانە لە فۆرمێكی سەرەتاییدا پیشانی كۆمەڵێک پسپۆڕ و شارەزای بواری پەروەردەیی و دەروونناسی و پێوانە و هەڵسەنگاندن درا، بۆ دەربڕینی بیروڕایان و سەرنجەكانیان دەربارەی ئەو ئامانجە ڕەفتارییانە تاوەكو چەند گونجاون، ژمارەی ئامانجە ڕەفتارییەكان (٥٠) ئامانجی ڕەفتاری بوو. بڕوانە: خشتەی ژمارە (٩)، بەپێی بڕیاری كۆتایی شارەزاییان ڕێژەی ڕازیبوونی شارەزایان لەسەر ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بۆ ئامانجە ڕەفتارییەكان (٩٢٪) بوو.

**خشتەی ژمارە (١١) ژمارەی ئامانجە ڕەفتارییەكان بە پێی هەر بەشێک لە بابەتی خوێندن**

| ناوەڕۆكی بابەت | ئامانجە ڕەفتارییەكان | | | | | | كۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بیرهێنانەوە | تێگەیشتن | جێبەجێكردن | شیكردنەوە | پێكهێنان | هەڵسەنگاندن | |
| شارستانی ڕۆمانی | ١ | ١ | ٢ | ١ | سفر | سفر | ٥ |
| شارستانی ئێرانی | ٣ | ٣ | ٥ | ٢ | ١ | ١ | ١٥ |
| شارستانی ئیسلامی و میرنشینە كوردییەكان | ٥ | ٦ | ١١ | ٤ | ٢ | ٢ | ٣٠ |
| كۆی گشتی | ٩ | ١٠ | ١٨ | ٧ | ٣ | ٣ | ٥٠ |

**ئامادەكردنی پلانی وانەوتنەوە**

پلانی وانەوتنەوە: بریتییە لە گرتنەبەری پرۆسەیەكی وێناكردن و خستنەكاری ئەو پرۆگرامانەی خوێندنە كە پێویستە بگیرێتەبەر لەپێناو ئاراستەكردنی چالاكییەكان بە ئامانجی جێبەجێكردنی لە ماوەیەكی دیاریكراو سنووردار (سیف، ١٣٨٣، ٦).

پاش دیاریكردنی بابەتی وانە و ئامانجە ڕەفتارییەكان توێژەران دەستیان كرد بە ئامادەكردنی پلانی وانەوتنەوە بۆ هەردوو گرووپی توێژینەوەكە ( گرووپی ئەزموونی بە پێی ستراتیژی خانووی بازنەیی و گرووپی كۆنترۆڵكراو بەپێی ڕێگەی ئاسایی)، ژمارەی پلانی وانەوتنەوەكە گەیشتە (١٨) بەشە وانە بۆ هەر گرووپێک، توێژەران بۆ دڵنیابوون لە پلانەكەیان پیشانی كۆمەڵێک پسپۆڕی ڕێگەكانی وانەوتنەوە و پەروەردەیی و دەروونناسیدا، بۆ ئەوەی سوود لە بۆچوون و سەرنجەكانیان وەرگرم سەبارەت ڕەوایەتی یاخود هەر دەستكاری كردنێک بۆی، دوای ئەوەی هەندێک گۆڕانكاری تێدا ڕەوایەتی درا بە داڕشتنەكەی.

**د- ئامرازەكانی توێژینەوە**

ئامرازی توێژینەوە: بریتییە لە چۆنیەتی کۆکردنەوەی داتاکان توێژەر بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشە و گریمانەی توێژینەوەکە بەکاری دەهێنێت (الدويدي، ٢٠٠٢، ٣٠٥ ). ئەم توێژینەوەی ئێستا توێژەران دوو ئامراز بەکاردەهێنن بۆ جێبەجێکردن و بەدەستهێنانی گریمانەکان و کێشەی توێژینەوەکە. بریتیین لەمانەی خوارەوە:

**١- تاقیکردنەوەی دەستکەوت:**

تاقیکردنەوەی دەستکەوت: ئامرازێکە لە ئامرازەکانی پێوانەکردن بەکاردێک بۆ نیشاندانی ئاستی مەعریفی قوتابی لە خولێکی دیاریکراو یان کۆمەڵێک خولی ئەکادیمی ( الكبيسي، ٢٠٠٧، ١٠٧ ). توێژەران تاقیکردنەوەی دەستکەوتیان بونیادناوە لە بابەتی مێژووی شارستانییەت بۆ پۆلی دەیەمی وێژەیی قۆناغی ئامادەیی ئامانجە ڕەفتارییەکانیان ئامادەکرد بەم هەنگاوانەی خوارەوە:

**أ- ئامادەکردنی خشتەی تایبەتمەندی (جدول المواصفات)**

دوای شیکردنەوەی ناوەڕۆک بە شێوەیەکی زانستی کە بۆ تاقیکردنەوە دیاریکراوە، مەبەست لێی هەڵسەنگاندنی ئاستی قوتابییە، خشتەیەک ئامادە دەکرێت تێیدا ئامانجەکان بە ناوەڕۆکەکەی دەبەستێتەوە لەسەر بنەمای قورسایی ڕێژەیی بابەتەکان بونیاد نراوە، ئەویش بە خشتەی تایبەتمەندی ناسراوە، کە بریتییە لە خشتەیەک تێیدا سەرجەم ئەو بابەتەی تاقیکردنەوەی تێدا ئەنجامدەدرێت دەست نیشان دەکرێت، لەگەڵ دەست نیشانکردنی کێشی ڕێژەیی و جۆر و ئاستی ئامانجە ڕەفتارییەکان، نمرەکان بە پێی پێوەرێکی دیاریکراو لە (ژمارەی بابەت، بیردۆز، هاوکێشە، ئەگەرەکان، سەلماندن، داتاشراو) بۆ هەر بەش و پرسیارێک ( مجيد، ٢٠١٣، ٢٦٤ ). توێژەران خشتەی تاقیکردنەوەیەکیان دروستکردووە لە (٥٠) پرسیار پێکدێت، پرسیارەکان لە ناوەڕۆکی بەشی پێنجەم و شەشەم تاوەکو کورد لە سەدەکانی ناوەڕاست پێی پۆلێنی بلۆم بۆ هەر شەش ئاستەکە (بیرهێنانەوە، تێگەیشتن، جێبەجێکردن، شیکردنەوە، پێکهێنان، هەڵسەنگاندن).

**خشتەی ژمارە (١٢) خشتەی تایبەتمەندی (جدول مواصفات) ( نەخشەی تاقیکردنەوە )**

| بەشەکان | کێشی ڕێژەیی % | ژمارەی ئامانجەکان | ئامانجە ڕەفتارییەکان | | | | | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | بیرهێنانەوە | تێگەیشتن ٢٠٪ | جێبەجێکردن ٣٥٪ | شیکردنەوە ١٢٪ | پێکهێنان ٧٪ | هەڵسەنگاندن ٨٪ | |
| پێنجەم | ٩٪ | ٥ | ١ | ١ | ٢ | ١ | سفر | سفر | ٥ |
| شەشەم | ٣٠٪ | ١٥ | ٣ | ٣ | ٥ | ٢ | ١ | ١ | ١٥ |
| حەوتەم | ٦١٪ | ٣٠ | ٥ | ٦ | ١١ | ٤ | ٢ | ٢ | ٣٠ |
| کۆی گشتی | ١٠٠٪ | ٥٠ | ٩ | ١٠ | ١٨ | ٧ | ٣ | ٣ | ٥٠ |

**ب – ئامادەکردن و داڕشتنی بڕگەکانی پرسیار**

توێژەران جۆری بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتیان بەپێی خشتەی تایبەتمەند (جدول مواصفات) ئامادەکرد، کە ئامانجەکان دابەشکرابوو بە پێی شەش ئاستە مەعریفییەکەی بلۆم داڕشتبوو، بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە پێکدێت لە تاقیکردنەوەی بابەتی و وتاری بەم شێوەیەی خوارەوە:

**١- بڕگەکانی تاقیکردنەوەی بابەتی**

توێژەران تاقیکردنەوەی بابەتیان هەڵبژاردووە، کە یەکێکە لەو تاقیکردنەوە گونجاوانەی بۆ پێوانەکردنی ئاستە مام ناوەندە لە دونیادا بەکاردێت (بیرهێنانەوە، تێگەیشتن، جێبەجێکردن، شیکردنەوە) (الامام واخرون، ١٩٩٠، ٨٧ ). توێژەران بەمەبەستی دەرهێنانی ڕاستگۆیی بڕگەکانی تاقیکردنەوە، بڕگەی پرسیارەکانیان خستە بەردەم کۆمەڵێک پسپۆڕ و شارەزایی بواری پێوانە و هەڵسەنگاندن، بە مەبەستی زانینی ڕاوبۆجوون و ڕێنماییەکانیان بەمەبەستی گونجاوی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە بۆ پۆلی دەیەمی وێژەیی قوناغی ئامادەیی پشت بەستن بە ڕێژەی ڕازیبوونی (٩٤٪) بڕیاردەران

بۆ هەر بڕگەیەک، دوای ئەوەی ڕێژەی ڕازیبوونی هەر بڕگەیەک دەرهێنرا، دەرکەوت هەموو بڕگەکان ئەو ڕێژەیە و زیاتریان بەدەستهێنا و پەسەندکران.

**٢- بونیادنانی بڕگەکانی تاقیکردنەوەی ووتاری**

تاقیکردنەوەیەک دارشتنییە یاخود نوسینەکی، سروشتی وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە تاقیکردنەوەیە بەچەند دێرێک یان چەند لاپەڕەیەکە بەهۆی ئەوەوە دەتوانرێت کارامەیی قوتابی بەدەربکەوێت، بەم جۆرە دەتوانرێت ئاستە مەعریفییە باڵاکانی پێوانە بکرێت وەک (پێکهێنان، هەڵسەنگاندن ) توانا و بیرۆکەکانیان بە شێوەیەکی زنجیرەیی و لۆژیکی دەرببڕن (النجار، ٢٠٠٧، ٨٨). لە چەند جۆرێک پێکدێت تاقیکردنەوەی وتاری، توێژەر لە بونیادنانی بڕگەکانی تاقیکردنەوەی وتاری (١٢) بڕگەی ئامادەکردبوو بە شێوەی وتاری (٣) بڕگەی پرسیاری تاقیکردنەوەکە لە ئاستی پێکهێنان بوو، (٣) بڕگەی تریش لە ئاستی هەڵسەنگاندن بوو. وە توێژەر لە خاسیەتە سایکۆمەترییەکانی تاقیکردنەوەکە دڵنیابۆیەوە.

**ج- ڕاستگۆی (ڕاستی و دروستی ) تاقیکردنەوە:**

ڕاستی و دروستی تاقیکردنەوە ئەوەیە ئەو تاقیکردنەوەیە یان پێوەنکارەی کە ئامادەمان کردووە ئەو تواناو خاسییەت و شتە بپێوێت کە بۆمان ئامادەکردووە، چونکە شارەزا سەرنجی ناوەڕۆکی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە دەدات بۆ ئەوەی بڕیاربدات تا چەند ڕاست و دروستن و گوزارشت لەو خاسڵەت و خاسیەتە دەکات، کە بۆی ئامادەکراوە (أحمد، ١٩٦٠، ١٨٨ ). لەم توێژینەوەی ئێستا توێژەران دوو جۆر ڕاستگۆییان بەکارهێناوە بریتیین لە مانەی خوارەوە:

**١- ڕاستگۆی ڕواڵەتی (ڕاستی و دروستی):**

ڕاستی و دروستی ڕواڵەتی یەکێکە لە جۆرەکانی ڕاستی و دروست شێوەی گشتی تاقیکردنەوەیە، کە بۆ مەبەستی پێوانەکردنە یان بەشێوەیەکە، ئایا ئەم جۆرە تاقیکردنەوەیە تاچەند گونجاوە بۆ قوتابی (أبولبدة، ١٩٨٧، ٢٣٩ ).

بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی ڕواڵەتی تاقیکردنەوەکە توێژەران بڕگەکانی پرسیاری تاقیکردنەوەکەیان خستە بەردەم کۆمەڵێک لە شارەزایانی بواری پێوانە و هەڵسەنگاندن بۆ وەرگرتنی ڕاوبۆچوونیان سەبارەت بە بڕگەکانی پرسیاری تاقیکردنەوەکە، ڕێژەی ڕازیبوونی شارەزایان ( ٩٤٪) کەواتە بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە پەسندە.

**٢- ڕاستگۆی ناوەڕۆک (ڕاستی و دروستی)**

تاقیکردنەوەی ڕاستگۆی ناوەرۆک بریتییە لە نمونەیەکی باش کە نوێنەرایەتی ناوەرۆکی بابەتەکە بکات، هیچ لایەنێک لە لایەنەکانی تر پشتگوێ نەخات ( عطیة، ٢٠٠٨، ٢٩٨ ). توێژەران توانیان ڕاستی و دروستی ناوەرۆک پشت ڕاست بکەنەوە لە ڕێگەی ئامادەکردنی خشتەی تایبەتمەندی (جدول مواصفات) بۆ دڵنیابوون لە ناوەرۆکی بڕگەکانی بابەت و ئامانجە ڕەفتارییەکان، بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە پەسند کرا.

**ه- ئامادەکردنی ڕێنماییەکانی تاقیکردنەوە:**

پاش دارشتنی بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت دڵنیابوونەوە لە ڕاستی و دروستی، توێژەران ڕێنمایی پێویستیان دانا بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێ بخرێتە بەردەم نموونەی پەیبردنی توێژینەوە، ڕێنماییەکانی تاقیکردنەوە بە شێوەیەکی گشتی بوو، ئامانجەکانی، ژمارەی بڕگەکان، دابەشکردنی نمرەی بڕگەکان. توێژەران بڕگەکانی تاقیکردنەوەو کلیلی وەڵامەکانیان ئامادەکرد.

**شەشەم: جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی پەیبردنی توێژینەوە**

**بۆ ئەنجامدانی ئەم تاقیکردنەوەیەش توێژەران دوو ئامرازیان ئامادە کردووە ئەوانیش (تاقیکردنەوەی دەستکەوت، بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان ).**

**أ- جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی پەیبردنی یەکەمی دەستکەوت**

توێژەران تاقیکردنەوەی پەیبردنی یەکەمی دەستکەوتی لە قوتابخانەی ڕاستیاری کوڕان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی بنەسڵاوە، ژمارەی قوتابیان (٤١) قوتابی بوو، پۆلی دەیەمی وێژەیی قۆناغی ئامادەیی، ڕۆژی دووشەمە ٣-٣-٢٠٢٥، تۆمارکردنی ئەو کاتەی یەکەم قوتابی پێویستی بوو بۆ وەڵامدانەوەی برگەکان (٣٠) خولەک بوو، کۆتا قوتابی بە (٤٠)خولەک وەڵامی دایەوە، بەم جۆرە تێکڕایی ئەوکاتەی بۆ وەڵامدانەوەی برگەکانی تاقیکردنەوەکە پێویستە (٣٥) خولەک بوو.

**ب- جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی پەیبردنی دووەمی دەستکەوت:**

توێژەران بۆ پشت ڕاستکردنەوەی خاسیەتە سایکۆمەترییەکانی تاقیکردنەوەکە برگەکانی تاقیکردنەوەکەیان خستە بەردەم نموونەی دووەمی پەیبردن لە ئامادەیی بێسارانی کوڕان کە ژمارەی قوتابیانی (٤٧) قوتابی بوو، لەگەڵ مامۆستای قوتابخانەکە ڕێککەوتین بەئەنجامدانی تاقیکردنەوەیەک پاش خوێندنی (بەشی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم تاوەکو کورد لە سەدەکانی ناوەڕاست). لە ڕۆژی سێ شەمە تاقیکردنەوەکەمان کرد لە بەرواری ٢٠٢٥/٣/٤، ژمارەی برگەکانی پرسیار (٥٠) پرسیاربوو، وەڵامی پرسیارەکان بەگشتی (٣٥) خولەکی پێویست بوو توێژەران شیتەڵکردنی ئاماریان کرد بۆ دەرهێنانی خاسیەتی سایکۆمەتری تاقیکردنەوەکە:

**١- گرانی برگەکان**

بلۆم پێی وایە برگەی تاقیکردنەوەی باش تێکڕای ڕێژەی گرانی برگەکەی لە نێوان (٠،٢٠ – ٠،٨٠) (Bloom،1971، 66) بە پێی ئەو ڕێژەیی بلۆم (٢) لەپرسیارەکان دوورخرایەوە بۆ هۆی گرانی برگەی پرسیارەکە

**خشتەی (١٣) گرانی و ئاسانی برگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت دەرەوەی نموونەی توێژینەوە**

| ژ.برگەکان | هاوکۆلکەی گرانی | ژ. برگەکان | هاوکۆلکەی گرانی | ژ. برگەکان | هاوکۆلکەی گرانی | ژ. برگەکان | هاوکۆلکەی گرانی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٠،٥٤ | ١٦ | ٠،٥٦ | ٣١ | ٠،٥٦ | ٤٦ | ٠،٥٤ |
| ٢ | ٠،٨١ | ١٧ | ٠،٥٦ | ٣٢ | ٠،٦٣ | ٤٧ | ٠،٥٥ |
| ٣ | ٠،٦٠ | ١٨ | ٠،٧٩ | ٣٣ | ٠،٥٢ | ٤٨ | ٠،٣٢ |
| ٤ | ٠،٠٢ | ١٩ | ٠،٥٢ | ٣٤ | ٠،٥٨ | ٤٩ | ٠،٤٨ |
| ٥ | ٠،٥٤ | ٢٠ | ٠،٤٢ | ٣٥ | ٠،٤٤ | ٥٠ | ٠،٥٦ |
| ٦ | ٠،٥٢ | ٢١ | ٠،٧٥ | ٣٦ | ٠،٦٥ | | |
| ٧ | ٠،٦٣ | ٢٢ | ٠،٦٩ | ٣٧ | ٠،٦٧ | | |
| ٨ | ٠،٥٠ | ٢٣ | ٠،٥٦ | ٣٨ | ٠،٧١ | | |
| ٩ | ٠،٦٧ | ٢٤ | ٠،٥٨ | ٣٩ | ٠،٧٧ | | |
| ١٠ | ٠،٥٢ | ٢٥ | ٠،٤٨ | ٤٠ | ٠،٦٣ | | |
| ١١ | ٠،٧٣ | ٢٦ | ٠،٤٦ | ٤١ | ٠،٤٤ | | |
| ١٢ | ٠،٦٤ | ٢٧ | ٠،٤٤ | ٤٢ | ٠،٤٠ | | |
| ١٣ | ٠،٧٥ | ٢٨ | ٠،٦٥ | ٤٣ | ٠،٧٥ | | |
| ١٤ | ٠،٥٤ | ٢٩ | ٠،٧٣ | ٤٤ | ٠،٣٢ | | |
| ١٥ | ٠،٠٠ | ٣٠ | ٠،٥٨ | ٤٥ | ٠،٦٧ | | |

**٢- هێزی جیاکەرەوەی برگەکان:**

هێزی جیاکاری بریتییە لە توانای هەر برگەیەک جیاکاری بکات لەنێوان ئەو قوتابیانەی مەودای زانیاری زیاتریان هەیە لە قوتابیانی تر، کە کەمتر زانیاریان هەیە لە بوارێکی دیاریکراو (ملحم، ٢٠٠٢، ٢٩).

هێزی جیاکەرەوەی ئەم توێژینەوەی ئێستا لەنێوان (٠،٠٤ – ٠،١٧)یە. براوون پێوارەکانی جیاکاری بۆ برگەکانی تاقیکردنەوە داناوە دەڵێت: دەبێت زیاتر بێت لە (٠،٢٠)، بەپێی ئەم پێوەرەی براوون ئەم توێژینەوەی ئێستا (١٠) برگەی دووردەخرێتەوە، ئەگەر برگەیەک باش نەبوو وا باشترە دووربخرێتەوە یاخود چاکبکرێتەوە ( أمطانيوس، ١٩٩٧، ١٠٠).

**خشتەی ژمارە (١٤) هێزی جیاکاری برگەکانی تاقیکردنەوە بۆ دەرەوەی نموونەی توێژینەوە**

| ژ.برگەکان | هاوکۆلکەی جیاکاری | ژ. برگەکان | هاوکۆلکەی جیاکاری | ژ. برگەکان | هاوکۆلکەی جیاکاری | ژ. برگەکان | هاوکۆلکەی جیاکاری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٠،٣٣ | ١٦ | ٠،٤٦ | ٣١ | ٠،٣٨ | ٤٦ | ٠،٢٥ |
| ٢ | ٠،١٣ | ١٧ | ٠،١٣ | ٣٢ | ٠،٣٣ | ٤٧ | ٠،٣٢ |
| ٣ | ٠،٥٤ | ١٨ | ٠،٠٨ | ٣٣ | ٠،٢١ | ٤٨ | ٠،٤٢ |
| ٤ | ٠،٠٤ | ١٩ | ٠،٣١ | ٣٤ | ٠،١٧ | ٤٩ | ٠،٥٣ |
| ٥ | ٠،٤٢ | ٢٠ | ٠،٢٩ | ٣٥ | ٠،٣٨ | ٥٠ | ٠،٤٥ |
| ٦ | ٠،٢٩ | ٢١ | ٠،٨٣ | ٣٦ | ٠،٢١ | | |
| ٧ | ٠،١٧ | ٢٢ | ٠،٤٦ | ٣٧ | ٠،٤٢ | | |
| ٨ | ٠،٥٠ | ٢٣ | ٠،٦٣ | ٣٨ | ٠،٠٨ | | |
| ٩ | ٠،٠٨ | ٢٤ | ٠،٥٠ | ٣٩ | ٠،١٣ | | |
| ١٠ | ٠،٣٨ | ٢٥ | ٠،٢١ | ٤٠ | ٠،٤٣ | | |
| ١١ | ٠،٢٩ | ٢٦ | ٠،٢٧ | ٤١ | ٠،٣٢ | | |
| ١٢ | ٠،٣٤ | ٢٧ | ٠،٣٨ | ٤٢ | ٠،٣٧ | | |
| ١٣ | ٠،٠٨ | ٢٨ | ٠،٢١ | ٤٣ | ٠،٢٥ | | |
| | | | | | | | |
| ١٤ | ٠،٥٠ | ٢٩ | ٠،٣٨ | ٤٤ | ٠،٢٦ | | |
| ١٥ | ٠،٠٠ | ٣٠ | ٠،٣٣ | ٤٥ | ٠،٣٣ | | |

### ٣- کاریگەری جێگرەوەی (وەڵامە) هەڵەکان:

کاریگەری جێگرەوەی وەڵامە هەڵەکانی ئاماژەیە بۆ راکێشانی سەرنجی وەڵامی هەندێک لە تاکەکانی توێژینەوە ( الزيود وعليان، ١٩٨٨، ١٦٨،١٧٤)، هەروەها ئەگەر هەندێک لە وەڵامە هەڵەکانیش کاریگەر و ئەکتیڤ نەبن و باش دانەنرابن، ئەوە کاریگەری دەبێت لەسەر راست و دروستی پێوانکارەکە دەبێت و هیچ کەس بەلایدا ناچێت، دەبێت دەرئەنجامەکەی بە نەرێنی (سالب) دەربچێت. ئەگەر دەرئەنجام نەرێنی بوو ئەوا ژمارەی ئەو تاکانە تواناکانیان لاوازن سەر بە گروپی نمرە نزمەکان زیاتر لەو کەسانەی، کە تواناکانیان بەهێزە سەر بە گروپی نمرە بەرزەکان (قەرەچەتانی، ٢٠١٨، ١١٧).

### ٤- جێگیری تاقیکردنەوە

جێگیری تاقیکردنەوە بەو مانایە دێت ئەگەر چەند جار تاقیکردنەوەکە لەسەر هەمان گروپی نموونەی توێژینەوەکە دووبارە بکەیتەوە ئەوا دەبێت هەمان دەرئەنجاممان بۆ دەربچێت یاخود نزیک بێت لەوە دەرئەنجامە ( قطامي وأخرون، ٢٠٠، ٦٩ ). جێگیری ئەم توێژینەوەی ئێستا بە رێگەی (کودر – ریتشاردسون – ٢٠ kr- 20، ) دیاریکردووە: ئەم هاوکێشەیە پشت دەبەستی بە رێژەی ئەو تاکانەی دەرچوون بۆ هەر برگەیەک لە برگەکانی تاقیکردنەوە یان بەشێک لە بەشەکانی تاقیکردنەوە، تا چەند جیاوازی نمرە لە برگەکان هەیە. خشتەی ژمارە (١٣).

**خشتەی ژمارە(١٥) تاقیکردنەوەی دەستکەوتی مەعریفی بە رێگای (کودر – ریتشاردسون – ٢٠ )**

| کۆمەڵە | ک | جیاوازی (التباين) | ک(س-ص) | هاوکێشەی کودر ریتشاردسون-٢٠ |
|---|---|---|---|---|
| ٤٠ | ٥٠ | ٣٢ | ٣.٧٢ | ٢٠ |

### وێنەی کۆتای تاقیکردنەوە

دوای ڕێکاره ئامارییەکان کە تایبەت بوو بە بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە. ژمارەی کۆتایی بڕگەکان بوو بە (٤٠) پرسیار. بۆ پرسیاری هەڵبژاردن بۆ هەربڕگەیەک (٤) هەڵبژاردەی هەبوو هەر بڕگەیەک دەرەجەیەکی لەسەرە بە پرسیارە وتارییەکانیشەوە.

**ب – تاقیکردنەوەی پێوەری بیرکردنەوەی هۆشیارانە بەڕووداوە مێژووییەکان**

توێژەران پێوەری بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکانیان ئامادەکرد بە سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی توێژینەوەکانی ( العمرجي 2016 ) و (المناصير 2009 ) و (صالحي، علوى 2024) بژاردەکانی بریتیین لە (هەمیشە ڕازیم، زۆرڕازیم، هەندیک جار ڕازیم، بەدەگمەن ڕازی، هەرگیز ڕازی نیم ) ئەم پێوەره لە (٣٠) بڕگە پێکدێت.

**١- ڕاستگۆیی پێوەری بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان**

- توێژەران پێوەرەکەیان خستە بەردەم کۆمەڵێک لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری پێوانە و هەڵسانگاندن، ڕێگەکانی وانەوتنەوە بۆ وەرگرتنی ڕاوبۆچوونیان، ڕێژەی ڕازیبوونی شارەزایان (٩٢٪) بوو بۆ ڕاستگۆی ڕواڵەتی پێوەرەکە.

**-جێگیری پێوەری بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان**

مەبەست لە جێگیری پێوەر ئەوەیە هەمان ئەنجام بداتە دەست یاخود نزیک لەوە ئەنجامە ئەگەر چەند جارێک جێبەجێکرا لە بارودۆخێکی لێکچوودا (عباس، ٢٠٠٧، ٢٦٦). بەمەبەستی زانینی هێزی جێگیری پێوەری بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان دڵنیابوون لە ڕوونیان و ڕێنمایی وەڵامدانەوەی کاتی پێویست، توێژەران پێوەرەکەیان بەسەر (٨٨) قوتابی دابەشکرد لە دەرەوەی توێژینەوەکەی لە قوتابخانەکانی ئامادەی هەستیاری کوڕان، کە ژمارەی قوتابیانی (٤١) قوتابی بوو لە بەرواری (٢٠٢٥/٢/١٩) ڕۆژی چوارشەمە، هەروەها ئامادەیی بێسارانی کوڕان، کە ژمارەی قوتابیانی (٤٦) قوتابی بوو، لە بەرواری (٢٠٢٥/٢/٢٣) ڕۆژی یەک شەمە، ئەم دوو قوتابخانەیە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەیی بنەسڵاوەن، دوای ڕاستکردنەوە و تۆمارکردنی پێوەرەکە، توێژەران هاوکۆڵکەی (ئەلفا کرونباخ –Cronbach Alpha)ی بەکارهێنا بۆ دۆزینەوەی ڕێژەیی جێگیری پێوەر، هاوکێشەی (ئەلفا-کرونباخ) بۆ دەرهێنانی جێگیری پێورەکە، کە گونجاوە بۆ ئەو تاقیکردنەوانەی پەیژەیین، بەهای هاوکۆڵکەی ئەلفا کرونباخ بۆ ژماردنی پێوەری جێگیری لە وەرگرتنی بڕیار بۆ پێوەری. بیرکردنەوی هۆشیارانە کە بریتیبوو لە (٠.٨٩)، ئەم ئەنجامەش جێگیرییەکی بەرز پیشان دەدات، هەروەها ئەگەر جێگیری بە هاوکێشەی (تجزئة نصفية) بە هاوکیشەی سبیرمان براون و هاوکۆڵکەی پەیوەندی نێوانیان (٠،٧٥٨)، بۆیە هەموو پێوەرەکە گونجاوە و ئامادەبوو بۆ جێبەجێکردن لەسەر هەردوو گروپەکە کە لە (٣٠) بڕگە پێکهاتووە. کاتی گونجاویش بۆ وەڵامدانەوەی تاقیکردنەوەی کۆتایی پێوەر (٣٠) خولەک بوو.

**ج- جێبەجێکردنی پێوەری تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان.**

پاش جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان لە دەرەوەی نموونەی توێژینەوەکە بۆ زانینی ڕوونی ڕێنماییەکانی وەڵامدانەوەی قوتابیان و تێگەیشتن لە بڕگەکانی پێوەرەکە. توێژەران تاقیکردنەوەی پێشەکی پێوەرەکەیان لە بەرواری (٢٠٢٥/١/٢٨) ڕۆژی سێشەم ئەنجامدا، توێژەران بڕگەکانی پێوەرەکەی دابەشکرد بەسەر قوتابیانی توێژینەوەکەی هەردوو گروپی (ئەزموونی کۆنترۆڵکراو )، هەروەها تاقیکردنەوەی پاشەکی پێوەرەکەی لە بەرواری (٣/٩/ ٢٠٢٥) ڕۆژی یەک شەمە جێبەجێکرا، پاشکۆی ژمارە (١٢). پاشان توێژەران شیتەڵکردنی ئاماریان بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان کرد.

ئامانج لە شیتەڵکردنی ئاماری بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ پێوەرە دەروونییەکان، بۆ گونجاوی هەربڕگەیەک، باشترکردنی لە ڕێگەی دۆزینەوەی بڕگە زۆر لاوازەکان یان زۆر گرانەکان یاخود دوورکەوتنەوەی ئەوانەی کە گونجاونین ( Scannell، 1975،211). توێژەران بەهۆی جیاوازی نموونەی توێژینەوەکە شیتەڵکردنی ئاماریان کرد، توێژەر بۆ دۆزینەوەی هێزی جیاکەرەوەی بڕگەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە ڕوونکردووەتەوە:

١- ئامانجی هەژمارکردنی هێزی جیاکەرەوەی بڕگەکان لە پێوەرە دەروونییەکان بریتییە لە دوورکەوتنەوەی بڕگە

لاوازەکان جیاوازی دەکات لەنێوان تاکەکان، مانەوەی بڕگە بەهێزەکان کە وردی و جێگیرە (Eble، ١٩٧٢، ٣٩٠ ). بۆ دۆزینەوەی هێزی جیاکاری بڕگەکانی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان توێژەر دوو گروپی دیاریکرد، گروپی نزم و بەرز، ئەو کەسانەی زۆرترین نمرەیان لەسەر پیوەرەکە وەرگرتووە (لە گروپی نمرە بەرزەکان ٢٧٪) و گروپی دووەمیش بۆ ئەو کەسانەی نزمترین نمرەیان لەسەر پێوەرەکە وەرگرتووە (گروپی نمرە نزم ٢٧٪ ) واتە ڕێکخستنی هەردوو گروپ لە گروپی نمرە بەرز بۆ گروپی نمرە نزم، توێژەران تاقیکردنەوەی تائیان بەکارهێنا بۆ لایەنی ئاماری.

بۆ هەردوو نموونەی سەربەخۆی توێژینەوەکە، بۆ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بۆ ناوەندەژمێری هەردوو گروپ. گروپی نمرە بەرز و نمرە نزم، بۆ هەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی پێوەری بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان نرخی تائی هەژمارکراو ئاماژەیە بۆ هێزی جیاکەرەوەی بڕگەکە (باهي، ١٩٩٩، ١٥٥،١٥٧). لە خشتەی خوارەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە هەموو بڕگەکان توانای جیاکارییان هەیە لەنێوان هەردوو گروپی نمرە بەرز و نزمی قوتابیان، کە نرخی خشتەیی (٢،٠١٠) لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥)، هەموو بڕگەکان بەڵگەدارن، چونکە نرخی تائي بڕگەکان گەورەترە.

**خشتەی ژمارە (١٦) هێزی جیاکەرەوەی بڕگەکانی تاقیکردنەوەی**
**پێوەری بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان**

| ژ. بڕگە | گروپی بەرز – نزم | نموونە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نرخی t | نرخی خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | گروپی بەرز | ٢٤ | ٣،٩١ | ١،٢٤ | ٤٣،١ | ٢،٠١٠ | بەڵگەدارە |
| | گروپی نزم | ٢٤ | ٢،٩١ | ٠،٩٢ | | | |
| ٢ | گروپی بەرز | ٢٤ | ٣،٣٧ | ١،٤٦ | ٢،٦٧ | ٢،٠١٠ | بەڵگەدارە |
| | گروپی نزم | ٢٤ | ٢،٣٧ | ١،٠٩ | | | |
| ٣ | گروپی بەرز | ٢٤ | ٣،٦٦ | ١،١٢ | ٤،٧٤ | ٢،٠١٠ | بەڵگەدارە |
| | گروپی نزم | ٢٤ | ٢،٢٩ | ٠،٨٥ | | | |
| ٤ | گروپی بەرز | ٢٤ | ٣،٢٥ | ١،٣٩ | ٢،٧٨ | ٢،٠١٠ | بەڵگەدارە |
| | گروپی نزم | ٢٤ | ٢،٢٩ | ٠،٩٥ | | | |
| ٥ | گروپی بەرز | ٢٤ | ٣،٨٣ | ١،٠٥ | ٣،٢١ | ٢،٠١٠ | بەڵگەدارە |
| | گروپی نزم | ٢٤ | ٢،٦٦ | ١،٤٣ | | | |
| ٦ | گروپی بەرز | ٢٤ | ٤،٨٣ | ١،١٧ | ٥،٧٣ | ٢،٠١٠ | بەڵگەدارە |
| | گروپی نزم | ٢٤ | ٢،١٢ | ١،١٩ | | | |
| ٧ | گروپی بەرز | ٢٤ | ٤،٢٩ | ١،١٦ | ٤،٣٥ | ٢،٠١٠ | بەڵگەدارە |
| | گروپی نزم | ٢٤ | ٢،٥٨ | ١،٥٢ | | | |
| ٨ | گروپی بەرز | ٢٤ | ٤،٤١ | ٠،٩٧ | ٣٩،٧ | ٢،٠١٠ | بەڵگەدارە |
| | گروپی نزم | ٢٤ | ٢،١٦ | ١،١٢ | | | |
| ٩ | گروپی بەرز | ٢٤ | ٢،٧٥ | ١،٧٩ | ٤،٨٠ | ٢،٠١٠ | بەڵگەدارە |
| | گروپی نزم | ٢٤ | ٢،٧٠ | ١،٦٨ | | | |
| ١٠ | گروپی بەرز | ٢٤ | ٤،٢٩ | ٠،٩٥ | ٤،٥١ | ٢،٠١٠ | بەڵگەدارە |
| | گروپی نزم | ٢٤ | ٢،٧٠ | ١،٣٠ | | | |
| ١١ | گروپی بەرز | ٢٤ | ٣،٧٠ | ١،٣٦ | ٧،٨٧ | ٢،٠١٠ | بەڵگەدارە |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | گروپی نزم | ٢٤ | ٢٫٠٠ | ١٫٢٥ | | | |
| ١٢ | گروپی بەرز | ٢٤ | ٤٫٥٤ | ٠٫٧٧ | ٦٫١٥ | ٢٫٠١٠ | بەڵگەدارە |
| | گروپی نزم | ٢٤ | ٢٫٠٨ | ١٫٣١ | | | |
| ١٣ | گروپی بەرز | ٢٤ | ٤٫٠٨ | ١٫١٠ | ٥٫٢٧ | ٢٫٠١٠ | بەڵگەدارە |
| | گروپی نزم | ٢٤ | ٢٫٠٤ | ١٫١٩ | | | |
| ١٤ | گروپی بەرز | ٢٤ | ٤٫٨٣ | ٠٫٣٨ | ٦٫٢٤ | ٢٫٠١٠ | بەڵگەدارە |
| | گروپی نزم | ٢٤ | ٣٫١٢ | ١٫٥٤ | | | |
| ١٥ | گروپی بەرز | ٢٤ | ٤٫١٦ | ٠٫٧٦ | ٢٫٧٩ | ٢٫٠١٠ | بەڵگەدارە |
| | گروپی نزم | ٢٤ | ٢٫٥٠ | ١٫٠٦ | | | |
| ١٦ | گروپی بەرز | ٢٤ | ٣٫٥٠ | ١٫٤٧ | ٤٫٦٠ | ٢٫٠١٠ | بەڵگەدارە |
| | گروپی نزم | ٢٤ | ٢٫٣٧ | ١٫٣١ | | | |
| ١٧ | گروپی بەرز | ٢٤ | ٤٫٢٠ | ٠٫٧٧ | ٧٫٧٣ | ٢٫٠١٠ | بەڵگەدارە |
| | گروپی نزم | ٢٤ | ٢٫٨٣ | ١٫٢٣ | | | |
| ١٨ | گروپی بەرز | ٢٤ | ٤٫٧٠ | ٠٫٦٢ | ٧٫٧٣ | ٢٫٠١٠ | بەڵگەدارە |
| | گروپی نزم | ٢٤ | ٢٫٥٠ | ١٫٢٥ | | | |
| ١٩ | گروپی بەرز | ٢٤ | ٤٫٧٩ | ٠٫٤١ | ٥٫٣٠ | ٢٫٠١٠ | بەڵگەدارە |
| | گروپی نزم | ٢٤ | ٣٫١٢ | ١٫٤٨ | | | |
| ٢٠ | گروپی بەرز | ٢٤ | ٤٫٣٣ | ١٫٠٩ | ٧٫٠٥ | ٢٫٠١٠ | بەڵگەدارە |
| | گروپی نزم | ٢٤ | ٢٫٢٩ | ٠٫٩٠ | | | |
| ٢١ | گروپی بەرز | ٢٤ | ٤٫٢٥ | ١٫٢٢ | ٤٫٧٦ | ٢٫٠١٠ | بەڵگەدارە |
| | گروپی نزم | ٢٤ | ٢٫٦٢ | ١٫١٣ | | | |
| ٢٢ | گروپی بەرز | ٢٤ | ٤٫٦٢ | ٠٫٦٤ | ٨٫٦٠ | ٢٫٠١٠ | بەڵگەدارە |
| | گروپی نزم | ٢٤ | ٢٫٢٠ | ١٫٢١ | | | |
| ٢٣ | گروپی بەرز | ٢٤ | ٤٫٣٧ | ٠٫٨٢ | ٥٫٥٣ | ٢٫٠١٠ | بەڵگەدارە |
| | گروپی نزم | ٢٤ | ٢٫٦٢ | ١٫٣١ | | | |
| ٢٤ | گروپی بەرز | ٢٤ | ٤٫٢٩ | ١٫١٩ | ٤٫٩٧ | ٢٫٠١٠ | بەڵگەدارە |
| | گروپی نزم | ٢٤ | ٢٫٧٠ | ٠٫٩٩ | | | |
| ٢٥ | گروپی بەرز | ٢٤ | ٤٫٠٨ | ١٫٠١ | ٢٫٣٣ | ٢٫٠١٠ | بەڵگەدارە |
| | گروپی نزم | ٢٤ | ٣٫٢٥ | ١٫٤٢ | | | |
| ٢٦ | گروپی بەرز | ٢٤ | ٣٫٧٥ | ١٫٢٢ | ٤٫٠٩ | ٢٫٠١٠ | بەڵگەدارە |
| | گروپی نزم | ٢٤ | ٢٫٣٧ | ١٫٠٩ | | | |
| ٢٧ | گروپی بەرز | ٢٤ | ٣٫٥٩ | ١٫٣١ | ٢٫٣٠ | ٢٫٠١٠ | بەڵگەدارە |
| | گروپی نزم | ٢٤ | ٢٫٦٦ | ١٫٤٣ | | | |
| ٢٨ | گروپی بەرز | ٢٤ | ٤٫٠٤ | ١٫١٩ | ٥٫١٤ | ٢٫٠١٠ | بەڵگەدارە |
| | گروپی نزم | ٢٤ | ٢٫٢٩ | ١٫١٦ | | | |
| ٢٩ | گروپی بەرز | ٢٤ | ٣٫٨٧ | ١٫١٩ | ٣٫٠٢ | ٢٫٠١٠ | بەڵگەدارە |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | گرووپی نزم | ٢٤ | ٢،٦٢ | ١،٥٨ | | | |
| ٣٠ | گرووپی بەرز | ٢٤ | ٤،٤٥ | ٠،٧٧ | ٥،٢٩ | ٢،٠١٠ | بەڵگەدارە |
| | گرووپی نزم | ٢٤ | ٣،٠٠ | ١،١٠ | | | |

**٢-** پەیوەندی نمرەی گشتی بە نمرەی هەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان:

دەرهێنانی هاوکۆڵکەی ڕاستی بڕگەی ئەزموونی بۆ پێوەرە دەروونییەکان لە دەرهێنانی پەیوەندییەکانیانەوە دەرهێنراوە بە سەنگی دەرەوە و ناوەوە (محك الخارجي والداخلي)، بە گرنگتر دادەنرێت لە ڕاستی لۆژیکی بەهۆی ئەوەی ڕاستی ئەنجامەکان دەکەوێتە ژێر کاریگەری بیروبۆچوونی شارەزایان، کە کاریگەری هەیە لەسەر ئەنجامەکان و جێگیرییەکەی. (العجيلي والطريحي، ٢٠٠١،٧٤-٧٥). توێژەران بۆ دڵنیابوونەوە لە ڕاستی بڕگەکانی تاقیکردنەوەی توێژینەوەکەیان بڕیاریاندا نمرەی گشتی پێوەرەکە وەک سەنگی ناوەوە وەربگرێت، ئەمەش لەڕێگەی دەرهێنانی ڕاستی بڕگەکانی پێوەرەکە لە حاڵەتێک ئەگەر هاتوو سەنگی دەرەکی نەبێت (ملحم، ٢٠٠٢، ٢٦٨)، دوای دەرهێنانی ئەنجام دەرکەوت، کە هەموو بڕگەکان لە ڕووی ئامارییەوە بەڵگەدارن.

**خشتەی ژمارە (١٧) هاوکۆلکەی پەیوەست بوون**
**لەنێوان هەر برگەیەک لەبرگەکانی پێوەر و نمرەی گشتی**

| برگە | هاوکۆلکەی پەیوەستبوون | ئاستی بەڵگەداری | برگە | هاوکۆلکەی پەیوەستبوون | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٠،٤٤٨ | ٠،٠١ | ١٦ | ٠،٢٦١ | ٠،٠٥ |
| ٢ | ٠،٢١٤ | ٠،٠٥ | ١٧ | ٠،٣٩٤ | ٠،٠١ |
| ٣ | ٠،٣٦٤ | ٠،٠١ | ١٨ | ٠،٥٤٥ | ٠،٠١ |
| ٤ | ٠،٤٤١ | ٠،٠١ | ١٩ | ٠،٦٣٧ | ٠،٠١ |
| ٥ | ٠،٤٨٢ | ٠،٠١ | ٢٠ | ٠،٦١١ | ٠،٠١ |
| ٦ | ٠،٤٩٢ | ٠،٠١ | ٢١ | ٠،٤٤٠ | ٠،٠١ |
| ٧ | ٠،٤٦٧ | ٠،٠١ | ٢٢ | ٠،٥٩١ | ٠،٠١ |
| ٨ | ٠،٣٦١ | ٠،٠١ | ٢٣ | ٠،٥٩٩ | ٠،٠١ |
| ٩ | ٠،٤٦٧ | ٠،٠١ | ٢٤ | ٠،٤٩٠ | ٠،٠١ |
| ١٠ | ٠،٤٧٠ | ٠،٠١ | ٢٥ | ٠،٣٦٧ | ٠،٠١ |
| ١١ | ٠،٤٥٩ | ٠،٠١ | ٢٦ | ٠،٤٠١ | ٠،٠١ |
| ١٢ | ٠،٤٦٤ | ٠،٠١ | ٢٧ | ٠،٢٦٨ | ٠،٠١ |
| ١٣ | ٠،٦٣٧ | ٠،٠١ | ٢٨ | ٠،٤٥٠ | ٠،٠١ |
| ١٤ | ٠،٦٣٠ | ٠،٠١ | ٢٩ | ٠،٥٣١ | ٠،٠٥ |
| ١٥ | ٠،٥٠٠ | ٠،٠١ | ٣٠ | ٠،٥٧٣ | ٠،٠١ |

**بەڵگەداری ئامارییە لە ئاستی (٠،٠١) *بەڵگەداری ئامارییە لە ئاستی (٠،٠٥ )

**د- ڕاستکردنەوەی ئامرازەکانی توێژینەوەکە**

١- ڕاستکردنەوەی پێوەری بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان

توێژەران هەستان بە ئامادەکردنی پرسیارنامەیەک بۆ پێوانەکردنی بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان بە سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی (العمرجي ٢٠١٦) و (المناصير ٢٠٠٩) و (صالحي، علوی ٢٠٢٤)، بژاردەکانی بریتیین

لە (هەمیشە ڕازیم، زۆرڕازیم، هەندیک جار ڕازیم، بەدەگمەن ڕازی، هەرگیز ڕازی نیم). ئەم پێوەرە لە (٣٠) بڕگە پێکدێت، لە سەرەتادا لە (٢٨) بڕگە پێکهاتبوو پاش بینینی شارازاییان بە ڕێنماییەکانی ئەوان لە (٢٨) بڕگەوە زیاد کرا بۆ (٣٠) بڕگە، چونکە (٢) بڕگە لە بڕگەکان زیاتر لە دوو بیرۆکە پێکهاتبوو، بۆیە توێژەران بڕیاریاندا بە چاککردنی بڕگەکان و زیادکردنی دوو بڕگەی تر، هەروەها نمرەکانیشیان (٥،٤،٣،٢،١) بۆ بڕگە ئەرێنییەکان و (١،٢،٣،٤،٥) بۆ بیڕگە نەرێنییەکان.

**٢**- ڕاستکردنەوەی بڕگەکانی دەستکەوت

توێژەران دوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت ئەم هەنگاوانەیان پەیڕەوکرد لە کاتی ڕاستکردنەوەی بڕگەکانی تاقیکردنەوە:

١- دانانی وەڵامێکی نموونەیی (کلیلی ڕاستکردنەوە) بۆ هەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت.

٢- چاوپۆشیکردنی مامۆستا لە هەڵەی ئیملایی قوتابی، گرنگی نەدان بە جوان نووسی.

٣- هەڵەچنینی پرسیاری یەکەمی هەموو قوتابییەکان پاشان هەڵەچنی کردن لە پرسیارەکانی تر.

٤- توێژەران ناوی هەموو قوتابییەکانیان نوشتانەوە بۆ ئەوەی نەکەوێتە ژێر کاریگەری هەست و سۆزی.

سەبارەت بە ڕاستکردنەوەی تاقیکردنەوەکە لەسەر (٥٠) نمرە ئەنجامدرا بوو بە شێوەیەک بوو بۆ هەر پرسیارێک (١) نمرەی لەسەر بوو، هەموو پرسیارەکان بە شێوەی هەڵبژاردن بوو، تەنها (١٢) پرسیار بە شێوەی وتاری بوو، ئەوانیش هەر پرسیارێک نمرەیەکی لەسەر بوو، چونکە وەڵامەکانی کورت بوو، بەڵام توێژەر تاقیکردنەوەکەی خستە سەر (٢٠) نمرە، لەبەر مامۆستای بابەت و ئیدارەی قوتابخانە.

**هەشتەم: ئامرازە ئامارییەکان**

توێژەران ئەنجامی توێژینەوەکەیان شیکردەوە بەبەکارهێنانی بەرنامەی جانتای ئاماری ( Excel ،SPSS ) بەم شێوازە ئامارییانەی خوارەوە:

١- تاقیکردنەوەی تائی (t-test) تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ.

٢- تاقیکردنەوەی تائي بۆ دوو نموونەی پەیوەست بەیەکتر.

٣- کای دووجا (مربع کا٢ ): ($x^2$) Chi Squear.

٤- هاوکۆڵکەی پەیوەندی پێرسۆن.

٥- هاوکێشەی ئەلفاکرونباخ.

٦- هاوکۆڵکەی دووجای ئیتا.

٧- هاوکۆڵکەی کوهین بۆ هەژمارکردنی قەبارەی کاریگەری d:

٨- شیکارکردنی بڕگەکانی تاقیکردنەوەی ووتاری دوو یاسا بەکارهاتووە.

**بەشی چوارەم: خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان**

**گریمانەی یەکەم:**

نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠،٠٥) لەنێوان ناوەندەژمێری نمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونی کە بابەتی مێژوویان خوێندووە بە ستراتیژی خانووی بازنەی، ناوەندەژمێرەی نمرەی گروپی کۆنترۆڵکراو، کە بابەتی مێژوویان خوێندووە بە ڕێگەی ئاسایی لە تاقیکردنەوەی پاشەکی (کۆتایی).

بۆ سەلماندنی ئەم گریمانەیە پاش شیکارکردنی داتاکان و دەرهێنانی ناوەندەژمێرەی نمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونی، کە بابەتی مێژوویان خوێندووە بە ستراتیژی خانووی بازنەیی (٣٥،٤٧) و لادانی پێوەری (١٢،٩٥)، ناوەندەژمێرەی نمرەی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکراو، کە بابەتی مێژوویان خوێندووە بەڕێگەی ئاسایی (٢٦،٦٦) و لادانی پێوەری( ٥،٨٦)، لە ڕێگەی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تایی (t-test) بۆ هەردوو نموونە سەربەخۆکە، بۆ زانینی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان هەردوو گروپی توێژینەوەکە بەهای دەرهێنراو یەکسانە بە (٥،٧٤) ئەمەش گەورەترە لەبەهای گریمانەکراو

(خشتەیی) (٢،٠٢١) لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) و نمرەی ئازاد (٤٠) کەواتە بەڵگەدارە، لە بەرژەوەندی قوتابیانی ئەزموونییە.

**خشتەی ژمارە (١٨) ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی**
**نێوان ناوەندەژمێرەی نمرەی دەستکەوتی قوتابیانی هەردوو گروپ**

| گروپ | ژمارەی قوتابیانی نموونە | ناوەندە ژمێرەی | لادانی پێوەری | نرخی (ت) | | نمرەی ئازاد (درجة الحرية) | دەلالەت لە ئاستی (٠،٠٥) | قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دەرهێنراو (هەژمارکراو) | گریمانە (خشتەی) | | | |
| ئەزموونی | ٢١ | ٣٥،٤٧ | ٣،٨٦ | ٥،٧٤ | ٢،٠٢١ | ٤٠ | بەڵگەدارە | ٠،٤ |
| کۆنترۆڵکراو | ٢١ | ٢٦،٦٦ | ٥،٨٦ | | | | | |

کەواتە بەم شێوەیە گریمانەی سفری ڕەتدەکرێتەوە بەوەی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠،٠٥) لەنێوان ناوەندەژمێرەی نمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونی، کە بابەتی مێژووییان خوێندووە بە ستراتیژی خانووی بازنەی، ناوەندەژمیرەی نمرەی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەتیان خوێند بە ڕێگەی ئاسایی لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت هەیە. پاشان هەژمارکردنی نرخی (d) کە بریتییە لە قەبارەی کاریگەری. قەبارەی کاریگەری ستراتیژی خانووی بازنەیی لەسەر دەستکەوت (٠،٤٥)، نمرەی ئازاد (٤٠)، هەروەها نرخی خشتەیی (٥،٧٤)، کەواتە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە قەبارەی کاریگەرییەکە زۆر گەورەیە لەسەر دەستکەوتی قوتابیان.

$$\eta^{٢} \text{ مربع ئيتا} = \frac{(٥،٧٤)^2}{(٥،٧٤)^2+(٤٠)} = \frac{ت^2}{ت^2 * \text{نمرەی ئازاد}} = ٠،٤$$

**- گریمانەی دووەم:**

نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠،٠٥) لەنێوان ناوەندەژمێرەی نمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونی کە بابەتی مێژوویان خوێندووە بە پێی ستراتیژی خانووی بازنەیی، ناوەندژمێرەی نمرەی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بابەتی مێژووییان خوێندووە بە ڕێگەی ئاسایی لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکانی پاشەکی.

بەپێی ئەو ئەنجامە ئامارییانەی کە توێژەران دەریان هێناوە، جیاوازی هەیە لەنێوان هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو، کە ناوەندژمێرەی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان بۆ گروپی ئەزموونی (١٢٤،٨٠) و لادانی پێوەری (١٢،٥٩)، ناوەندە گروپی کۆنترۆڵکراو (١٠٤،٤٢) و لادانی پێوەری (١٥،٠٢)، جیاوازی نێوانیان توێژەران تاقیکردنەوەی تایی (t-test) بەکارهێنا نرخی تایی (٤،٧٦)، ئەمەش گەورەترە لە نرخی تایی خشتەیی (٢،٠٢١)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت جیاوازی لەنێوان ناوەندەژمێرەی ئاماری هەردوو گروپەکە لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونییە (٢٠).

**خشتەی ژمارە (١٩) جیاوازی لە نێوان ناوەندە ژمێرەی ئاماری هەردوو گروپەکە**
**تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکانی پاشەکی.**

| گرووپ | ژمارەی قوتابیانی نموونە | ناوەندە ژمێرەی | لادانی پێوەری | نرخی (ت) | | نمرەی ئازاد (درجة الحرية) | دەلالەت لە ئاستی (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دەرهێنراو (هەژمارکراو) | گریمانە (خشتەی) | | |
| ئەزموونی | ٢١ | ١٢٤،٨٠ | ١٢،٥٩ | ٤،٧٦ | ٢،٠٢١ | ٤٠ | بەڵگەدارە |
| کۆنترلکراو | ٢١ | ١٠٤،٤٢ | ١٥،٠٢ | | | | |

بەمەش گریمانەی سفری ڕەتدەکرێتەوە، کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی (٠،٠٥) لەنێوان ناوەندەژمێرەی

نمرەی قوتابیانی گرووپی ئەزموونی کە بابەتی مێژووییان خوێندووە بە ستراتیژی خانووی بازنەیی، ناوەندەژمێرەی نمرەی قوتابیانی گرووپی کۆنترۆڵکراو، کە هەمان بابەتیان خوێندووە بە ڕێگەی ئاسایی لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکانی پاشەکی. پاشان توێژەران هەڵسان بە هەژمارکردنی قەبارەی کاریگەری ستراتیژی خانووی بازنەیی بۆ پێوەری بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان.

$$\eta^{٢} \text{ مربع ئیتا} = \frac{(٤،٧٦^{2})}{(٤٠)+(٤،٧٦^{2})} = \frac{\text{ت}^{2}}{\text{ت}^{2} * \text{نمرەی ئازاد}} = ٠،٣$$

**خشتەی ژمارە (٢٠) ڕوونکردنەوەی دیاریکردنی ئاستی قەبارەی کاریگەرییەکە**

| ئامرازی بەکارهاتوو | بچوک | مام ناوەند | گەورە | زۆر گەورە |
|---|---|---|---|---|
| $\eta^{٢}$ ئیتا | ٠،٠١ | ٠،٠٦ | ٠،٠١٤ | ٠،٢ |
| d کوهین | ٠،٢ | ٠،٥ | ٠،٨ | ٠،١ |

**- گریمانەی سێ یەم**

نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠،٠٥) لەنێوان ناوەندەژمێرەی نمرەی قوتابیانی گرووپی ئەزموونی پۆلی دەیەمی ئامادەیی کە بابەتی مێژوویان خوێندووە بە ستراتیژی خانووی بازنەیی لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان پێشەکی و پاشەکی. لە ئەنجامدا بەپێی ئەو ئامارەی توێژەران دەریان هێناوە جیاوازی لەنێوان ناوەندەژمێرەی نمرەی تاقیکردنەوەی پێوەرلای قوتابیانی گرووپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پێشەکی (١٠٢،١٩) و لادانی پێوەری (٨٩،١٣)، ناوەندەژمێرەی نمرەی تاقیکردنەوەی پێوەرەکە (١٢٤،٨٠) و لادانی پێوەری (١٢،٥٩)یە، بۆ سەلماندنی ئەم گریمانەیەش توێژەران تاقیکردنەوەی تایی (t-test) بەکارهێنا، کە نرخی تایی هەژمارکراو (٩،٦٤)، ئەمەش گەورەترە لە نرخی تایی خشتەیی (٢،٠٩٣) لە ئاستی (٠،٠٥). کەواتە جیاوازی لەنێوان ناوەندەژمێرەی تاقیکردنەوەی ئاماری هەیە لەبەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشەکی.

**خشتەی (٢١) جیاوازی نێوان ناوەندەژمێر و لادانی پێوەری گرووپی ئەزموونی بۆ تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان.**

| گرووپ | تاقیکردنەوە | ناوەندە ژمێرەی | لادانی پێوەری | نرخی (ت) | | نمرەی ئازاد (درجة الحرية) | دەلالەت لە ئاستی (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دەرهێنراو (هەژمارکراو) | گریمانە (خشتەی) | | |
| ئەزموونی | پێشەکی | ١٠٢،١٩ | ١٣،٨٩ | ٩،٦٤ | ٢،٠٩٣ | ٢٠ | بەڵگەدارە |
| | پاشەکی | ١٢٤،٨٠ | ١٢،٥٩ | | | | |

کەواتە گریمانەی سفری ڕەتدەکرێتەوە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی (٠،٠٥) لەنێوان ناوەندەژمێرەی نمرەی قوتابیانی گرووپی ئەزموونی کە بابەتی مێژوویان خوێندووە بە ستراتیژی خانووی بازنەیی لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان پێشەکی و پاشەکی. توێژەران ویستیان قەبارەی کاریگەری ستراتیژی خانووی بازنەییان بۆ دەربکەوێت لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان پێشەکی و پاشەکی بەبەکارهێنانی هاوکێشەی کوهین کە قەبارەی کاریگەرییەکەی (٤،٣١) کەواتە قەبارەی کاریگەرییەکە زۆر گەورەیە. بڕوانە خشتەی ژمارە (١٨).

$$d = \frac{\text{ت}^{٢}}{\sqrt{\text{نمرەی ئازاد}}} = \sqrt{٩،٦٤ * ٢ / ٩،٦٤} = ٤،٣١$$

**- گریمانەی چوارەم:**

نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠،٠٥) لەنێوان ناوەندەژمێرەی نمرەی قوتابیانی گروپی کۆنترڵکراوی پۆلی دەیەمی ئامادەیی بابەتی مێژوویان خوێندووە بە ڕێگەی ئاسایی لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان پێشەکی و پاشەکی.

دوای شیکردنەوەی داتای قوتابیان لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی هۆشیارانە بەڕووداوە مێژووییەکان پێشەکی و پاشەکی لە ئەنجامدا ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە جیاوازی هەیە لەنێوان ناوەندەژمێرەی نمرەی پێوەرەکە بۆ گروپی کۆنترۆڵکراوی پێشەکی (١٠٣،٣٣) و پاشەکی( ١٠٤،٤٢)، و لادانی پێوەری نمرەی تاقیکردنەوەی پێوەرەکە بۆ گروپی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پێشەکی (١٥،٤٨)، پاشەکی و لادانی پێوەری (١٥،٠٢)، توێژەران تاقیکردنەوەی تایی (t-test) بۆ دوو نموونەکە بەکارهێنا، نرخی تایی هەژمارکراو (١،٢٠٠) بچوکترە لە نرخی تایی خشتەی (٢،٠٩٣) ئەمەش واتای ئەوەیە واتادار نییە لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشەکی واتە ڕێگەی ئاسایی کاریگەری نییە لەسەر پێوەرەکە لای قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکراو لە بابەتی مێژووی شارستانییەت، کەواتە بەپێی ئەم ئەنجامە (گریمانەی سفری)، توێژەر داینابوو پەسەند دەکرێت.

**خشتەی ژمارە (٢٢) تاقیکردنەوەی پێوەری بیرکردنەوەی هۆشیارانە**
**بە ڕوداوە مێژووییەکان پێشەکی و پاشەکی**

| گرووپ | تاقیکردنەوە | ناوەندە ژمێرەی | لادانی پێوەری | نرخی (ت) دەرهێنراو (هەژمارکراو) | نرخی (ت) گریمانە (خشتەی) | نمرەی ئازاد (درجة الحرية) | دەلالەت لە ئاستی (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆنترڵکراو | پێشەکی | ١٠٣،٣٣ | ١٥،٤٨ | ١،٢٠٠ | ٢،٠٩٣ | ١٩ | بەڵگەدار نییە |
| | پاشەکی | ١٠٤،٤٢ | ١٥،٠٢ | | | | |

**دووەم: پاش ئەنجامدانی بەرنامەی هەگبەی ئاماری (spss) بۆ داتاکان لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوە توێژەر گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:**

- بەبەڵگەی ئاماری دەرکەوت ستراتیژییەکە کاریگەری هەیە لەسەر دەستکەوت ئەم ستراتیژە بووە هۆی بەرزبوونەوەی دەستکەوتی قوتابیانی گروپی ئەزموونی لە مێژووی شارستانییەت.

- لە ڕێگەی تێبینیکردن توێژەر لە گروپی ئەزموونی دەرکەوت ستراتیژی خانووی بازنەیی یەکێکە لە ستراتیژە نوێیەکانی وانەوتنەوەیە بۆتە هۆی کارلێکی قوتابیان لەگەڵ بابەتەکە و ئارەزووی چالاکیان هەبوو لەناو پۆلدا بۆ کرداری فێربوون هەر ئەمەش بۆیە هۆی بەرزبوونەوەی دەستکەوتی خوێندن.

- ڕێگەی وانەوتنەوەی ئاسایی کەشێکی نالەبار و بێزارکەر لە پۆلدا دروست دەکات لە بابەتی مێژوودا مامۆستا تەوەری سەرەکی پرۆسەی پەروەردەیە لێرەدا قوتابی تەنها ڕۆڵی وەرگرە و بەخشەر نییە، ئەم ڕێگەیە کاریگەری خراپی هەبوو لەسەر دەستکەوتی قوتابیان و تاقیکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان لای قوتابیانی کۆنترۆڵکراو.

- بەپێی بەڵگەی ئاماری ئەم ستراتیژە کاریگەری هەیە لەسەر هۆشیاری ڕووداوە مێژووییەکان و دەستکەوتی قوتابیانی گروپی ئەزموونی لە بابەتی مێژوودا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم ستراتیژە نوێیە و نامۆیە بە قوتابی، بۆیە کارلێکیان لەگەڵدا کردووە چالاکیان لە پۆلدا زیادی کردبوو بە بەراورد بە گروپی کۆنترۆڵکراو بەپێی ئەنجامی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی هۆشیارانە بە ڕووداوە مێژووییەکان.

**سێیەم: - دەرئەنجامەکان**

توێژەران لەبەر ڕۆشنایی ئەو دەرئەنجامانەی توێژینەوەکانی ئێستا بەرهەمیان هێناوە بەم ئەنجامانە گەیشتووە:

- ستراتیژەکە دەتوانرێت لەلایەن مامۆستایانەوە لەبەر ڕۆشنایی ئەو توانایانەی لە قوتابخانەکان بەردەستن جێبەجێبکرێت.
- کارلێکی قوتابیان لەگەڵ ستراتیژە مۆدێرنەکان و گۆڕانکارییەکی بەرچاوی ئامانجە ڕەفتارییەکان.
- قوتابیان پێویستیان بە ستراتیژی وانەوتنەوەی هاوچەرخ و هەمەچەشن هەیە، لەنێوان قوتابیانی ئامادەیی پۆلی دەیەمی وێژەیی.
- وانەوتنەوە بە ستراتیژی خانووی بازنەیی پێویستی بە کات و ڕاهێنان و ماندووبوون و لێهاتووی زیاترە لەلایەن مامۆستاوە لەوەی لە کاتی بەکارهێنانی شێوازی ئاساییدا دەخوازێت.

**چوارەم: ڕاسپاردەکان**

توێژەران لەبەر ڕۆشنایی ئەو دەرئەنجامانەی پێیگەیشتوون چەند ڕاسپاردەیەک دەخەنە ڕوو:

١- ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان بۆ ستراتیژی خانووی بازنەیی بۆ مامۆستایانی پەروەردە.

٢- هێنانە ناوەوەی ستراتیژی خانووی بازنەیی وەک ڕێگەیەک لە ستراتیژە کاریگەرەکان بۆ ناوەندەکانی خوێندن بە زانکۆو قوتابخانەکان.

٣ - کارکردن بۆ دابینکردنی توانا و ئامراز و پێداویستییەکان تاوەکو مامۆستایان بتوانن ستراتیژی خانووی بازنەیی لە بابەتی مێژوو بەکاربهێنن.

٤- پێویستە وەزارەتی پەروەردە گرنگی بە پەرەپێدان و ڕاهێنانی مامۆستایان بدات بۆ فێرکردنی توانای بیرکردنەوە وەک چالاکییەکی دەروونی کە یارمەتیدەرە بۆ پەرەپێدانی دەستکەوتی هۆشیاری بیرکردنەوە بە ڕووداوە جۆراوجۆرەکانی مێژوو لای قوتابیان.

**پێنجەم: پێشنیارەکان**

١. توێژەران پێشنیاری ئەنجامدانی توێژینەوە دەکەن بە ئامانجی زانینی کاریگەری ستراتیژی خانووی بازنەیی لە بابەتی مێژوو لە قوناغە جیاوازەکانی خوێندن.
٢. ئەنجامدانی توێژینەوە تر بە ناونیشانی کاریگەری ستراتیژی خانووی بازنەیی لەسەر گەشەپێدانی مێشک و بیرکردنەوەی داهێنەرانە.

## سەرچاوەكان


– أبو لبدة، سبع محمد (١٩٨٢)، مبادئ القياس والتقويم التربوي، ط٣، الجامعة الأردنية، عمان ، الأردن.

– أحمد، محمد عبدالسلام (١٩٦٠)، القياس النفسي والتربوي، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة.

– امبوسعيدي، عبدالله وسليمان البلوشي (٢٠٠٩)، طرائق تدريس العلوم مفاهيم وتطبيقات علمية، دارالمسيرة للنشر والتوزيع، عمان.

– أمطانيوس ، ميخائيل (١٩٩٧)، القياس والتقويم في التربية الحديثة، سوريا.

– باهي، مصطفى حسين (١٩٩٩)، الاحصاء التطبيقي في مجال البحوث التربية والنفسية والاجتماعية والرياضية، مركز الكتاب للنشر، مصر.

– بركاتي، نيفين بنت حمزة (٢٠١٨)، فاعلية استراتيجية البيت الدائري في تنمية الذكاء المنظومي لروثمان والتحصيل الدراسي لدى طالبات الرياضيات بجامعة أم القرى. مجلة أم القرى للعلوم التربوية النفسية.

– حميد ومحمد (٢٠١٩) ، مهارات التفكير بين النظرية والتطبيق ، عمان ، دار المجد للنشر والتوزيع ، ط١.

– حميداوي ، ( خلود النعيم (٢٠١٢): أثر استخدام شكل البيت الدائري في التفكير الابداعي وتحصيل الطالبات الصف الاول المتوسط للمفاهيم الاحيائية ، رسالة ماجستر غير منشورة ، كلية التربية ، جشمعة البغداد.

– خريشة ، والصفيدي ، علي كايد ، حسن محمد ( ٢٠٠١): معرفة معلمي الدراسات الاجتماعية في كليات التربية بالجامعات الأردنية لمهارات البحث والتفكير التأريخي ، كلية العلوم التربوية ، المجلد (١٧) ، العدد (٣).

– خريشة ، علي كايد ( ٢٠٠٤ ) ، مهارات التفكير التأريخي في الكتب المرحلة الثانوية ، مجلة كلية التربية ، العدد٢١ ، جامعة الولايات العربية المتحدة.

– خطيب ، خالد (٢٠١٥) ، الرياضيات المدرسية مناهجها وتدريسها، التفكير الرياضي، مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع، عمان.

– خضير، لبنى عبدالاله(٢٠١٧) و قياس العادات الدراسية لدى طلبة المرحلة الاعدادية ، مجلة البحوث البصرة للعلوم الانسانية ،العدد(٥) و المجلد (٤٣) ، جامعة البصرة ، العراق.

– دباغ، فخري واخرون (١٩٨٣)، اختبار رافن للمصفوفات المتتابعة المقننة للعراقيين، مطبعة جامعة موصل، موصل.

– دويدي، رجاء وحيد ( ٢٠٠٢ )، البحث العلمي اسياسياته النظرية وممارسته العلمية، المطبعة العلمية، دار الفكر، ديمشق، سوريا.

– ريكانى والاخرون ، محمد قيس رجب الريكاني والاخرون (٢٠٢٢) ، أثر استخدام استراتيجية شكل البيت الدائري في التحصيل الدراسي بمادة التاريخ لدى الطلبة مرحلة التعليم الاساسي ، مجلة الفنون والادب وعلوم الانسانيات والاجتماع ، العدد (٨٢).

– سلامة، عادل أبوالعز والأخرون (٢٠٠٩)، التعلم المستند الى الدماغ، ط١، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.

– سيف، دكتر على ئەكبر (١٣٨٣)، روان شناسي تربيتي، ضاث دوازدهةم، دانشطاة ثيام نور، ايران.

– طراونة، محمد (٢٠١٤)، اثر استخدام استراتيجية شكل البيت الدائري في تنمية التفكير البصري لدى طلاب الصف التاسع الاساسي في مبحث الفيزياء. دراسات العلوم التربوية.

– عبدالحليم ، لميس ابومسلم (٢٠٢٢): فاعلية استخدام استراتيجية شكل البيت الدائري في تدريس التاريخ لتنمية بعض مهارات التفكير التأملي لدى تلاميذ المرحلة الاعدادية ، مجلة بحوث التعليم والابتكار ، عدد٧ ، جزء ٧.

– عجيلي، صباح حسين وأخرون (٢٠٠١)، مبادئ القياس والتقويم التربوي، المكتبة الوطنية، بغداد – المناصير، حسين جدوع مظلوم (٢٠٠٩) مدى استعمال الدراسات العليا ( الماجستير) لمهارات التفكير التأريخي، العدد الثاني والعشرون، مجلة كلية التربية، جامعة القادسية، العراق.

– عفانة ، عزو (٢٠١٢) ، استراتيجيات تدريب الرياضيات في مراحل التعليم عام ، دار الثقافة للنشر والتوزيع ، عمان.

– علوي، مروة صالح سعيد و عبد السلام محمد أحمد الصلاحي (٢٠٢٤)، مهارات التفكير التاريخي اللازمة لمعلمي الدراسات الاجتماعية بالمرحلة الأساسية في أمانة العاصمة من وجهة نظرهم ، مجلة جامعة صنعاء للعلوم الانسانية ، مجلد ٣ ، عدد٥ ، كلية التربية ، جامعة صنعاء ، اليمن.

– عمرجي، جمال الدين ابراهيم محمود (٢٠١٦)، فاعلية استخدام استراتيجية التخيل التعليمي الموجه في تدريس التأريخ على تنمية المفاهيم التأريخية والتفكير التحليلي للأحداث التأريخية لدى تلاميذ الصف الاول متوسط، كلية التربية، جامعة السويس والمعار.

– عوض ، خالد ( ٢٠٠٥). فاعلية برنامج تدريبي مقترح لنشائي الكرة الطائرة ( دراسة التحللية تجريبية) ، رسالة دكتورا غير منشور ، كلية التربية الرياضية للبنات ، جامعة الأسكندرية ، مصر.

– قطامي، يوسف (٢٠٠٠)، اساسيات التصميم التدريس، الطبعة الثانية، دار الفكر للطباعة للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.

– كبيسي، عبدالواحد حميد ( ٢٠٠٩)، اساليب التعليم ومهاراته في ضوء القرأن الكريم ومهاراته في ضوء القران الكريم والسنة النبوية الشريفة، دار جرير، عمان، الأردن.

– كحلوت ، امال عبدالقادر احمد ( ٢٠١٢) ، فاعلية توظيف استراتيجية البيت الدائري في تنمية المفاهيم ومهارات التفكير البصري بالجغرافيا لدى طالبات الصف الحادي عشر بغزة ، جامعة الاسلامية غزة ، عمادة الدراسات العليا كلية التربية قسم المناهج وطرق التدريس.

– كوافحة، يسير مفلح (٢٠٠٤)، علم النفس التربوي وتطبيقاته في مجال التربية الخاصة، ط١، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان، الأردن.
– ملحم، سامي محمد (٢٠٠٢)، القياس والتقويم في التربية وعلم النفس، ط٢، دارالمسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان، الأردن.
– ندى ، قطر (٢٠٠٩). البيت الدائري ، منتدى الفيزياء التعليمي ، ساعة الدخول ١،٣٠ م ، ١-٣-١٤٣٩ هـ.
– وزني ، حسن مهدي (٢٠٢١) ، تقويم محتوى كتب الاجتماعيات في المرحلة المتوسطة في ضوء المهارات التفكير الجانبي ، رسالة ماجستير غير منشورة ، جامعة كربلاء ، كلية التربية للعلوم الإنسانية.
–داود ، عزيز و عبدالرحمن ، انور حسين (١٩٩٠). مناهج البحث التربوي ، ط١ ، دار الحكمة للطباعة والنشر ، جامعة بغداد.
–عابد و الصباريني، ناصر احمد، محمد سعيد ( ٢٠١٧)، اثر استراتيجية البيت الدائري في التحصيل وتعديل التصورات البديلة في العلوم الحياتية لدى طالبات الصف التاسع الاساسي بالاردن ، مجلة جامعة الاسلامية للدراسات التربوية والنفسية.
عبد الأمرو كرو ، عباس ناجى ،رحيم يونس (٢٠١٤) ، تعلم الرياضيات – مفاهيم واستراتيجيات وتطبيقات"، دار اليازوري، عمان، الأردن.
–عبدالدايم، عبدالله (١٩٨١)، التربية التجريبية والبحث التربوي، ط٤، دارالعلم للملايين، بيروت.
–عبدالرزاق، دعاء عبدالستار عبدالطيف (٢٠٢٣)، استخدام العملات في تدريس الدراسات الاجتماعية لتنمية مهارات التفكير التاريخي لدى تلاميذ المرحلة الاعدادية ، كلية التربية ، مجلة كلية التربية ، ببنها ، العدد(١٣٦) اكتوبر.
–عجمي، أبو اليزيد أبو زيد. (٢٠٠٨). القرآن الكريم وتنمية الوعي بالتاريخ .مجلة الشريعة والدراسات الإسلامية،(72)23 .
عطية ، محسن علي (٢٠٠٨). الاستراتيجيات الحديثة في التدريس الفعال ، ط١ ، دارصفاء للنشر والتوزيع ، عمان ، الأردن.
– نجار، نبيل جمعة صالح (٢٠٠٧)، الاحصاء في التربية والعلوم الانسانية مع تطبيق برمجغه SPSS، دار الحامد للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.
– عزيز، كەریم ئەحمەد (٢٠١٢)، پرۆگرامەکانی پەروەردەیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.
– قەرەچەتانی، کەریم شەریف (٢٠١٨)، پێوانەوهەڵسەنگاندن لە بواری پەروەردەو دەروونزانی، چاپخانەی زبانی صلح، تەهران، ئێران.
– هەرێمی کوردستانی عێراق، پەرلەمان، یاسای پەروەردەو فێرکردن لە هەرێمی کوردستان –عێراق، ژمارە(١٣) ی ساڵی (٢٠٢٢).

-Ahnones ،S. (2005). Historical consciousness: Available paradiagm for history education، Journal of curriculum studies. VOL. 37، NO. 6.
- Bloom ، B.S.، Madaus ، F.، & Hasting، J. T. (1971). Handbook on Formative & Summative Evaluation of Student Learning. New York. McGraw – Hill.
- Linda، E.، Megand، G.، & Richard، p. (2012). The Student Guide hospital thinking، going beyond dates، place and names to the core of history. NewYourk. London.
-McCartney ، R. ، & Fige، C. (2011). every picture tells story the round house process in digital age teaching and learning، 6(1)،
- Merkt، M.، Werner، M.، & Wagner، W. (2017). Historical thinking skills and mastery of multiple document tasks. Learning and Individual Differences، 54.
- Scannell ، Dale ، Paul. (1975). Testing and measurement in the classroom Boston، Houghton. Retrived January 1، 1979.
-Ward، R. E.، & Wandersee، J.، H. (2001). Visualizing science using the Roundhouse diagram. Science Scope، 24(4).
-Word، R. E، Wandersee، J.، H. (2002). Struggling To Understand Abstract Science Topics Around Hou's Diagram - Based Study. International Journal of Science Education، Volume 24، Issue 6.

## أثر استراتيجية البيت الدائري على التفكير الوعي بالأحداث التأريخية وتنمية التحصيل الدراسي في مادة التأريخ لدى الطلبة المرحلة الاعدادية

**شيراز لقمان محمدأمين**
قسم الاجتماعيات، كلية التربية الاساسية،
جامعة صلاح الدين-أربيل، أقليم كوردستان، العراق
shirazluqman8@gmail.com

**عثمان عبدالله حمه أمين**
قسم الاجتماعيات، كلية التربية الاساسية،
جامعة صلاح الدين-أربيل، أقليم كوردستان، العراق
osman.hamdamin@su.edu.krd

**الملخص**

هدفت الدراسة إلى معرفة أثر استخدام استراتيجية البيت الدائري على التفكير الواعي بالأحداث التاريخية وتنمية التحصيل الدراسي لدى طلاب المرحلة الإعدادية. بعد استطلاع عدد من المدارس، وجد الباحثان أن الطلاب يعانون من تحصيل أكاديمي منخفض، وأن معلمي التاريخ يعتمدون على طرق التدريس التقليدية دون استخدام استراتيجيات التدريس الحديثة. هذا يعني أن هناك حاجة إلى تدخل لتعزيز أساليب التدريس في مادة التاريخ وتحسين المستوى الأكاديمي للطلاب. استخدمت الدراسة تصميمًا تجريبيًا قائمًا على الضبط الجزئي لمجموعتي التكافؤ مع الاختبار البعدي. يتضمن مجتمع البحث من طلاب الصف العاشر الادبي للمدارس الحكومية في التربية بنسلاوة تم اختيارمدرسة سينك الاعدادي للبنين ، كعينة الدراسة بطريقة عشوائية. المجموعة (ب) هي المجموعة التجريبية التي درست التاريخ باستخدام استراتيجية البيت الدائري، بينما المجموعة (أ) هي المجموعة الضابطة التي درست بالطريقة التقليدية. استخدم الباحثان اختبار كاي$^2$ (Chi-square test) واختبار (t-test) لمعالجة أدوات الدراسة المتعلقة بالتفكير الواعي بالأحداث التاريخية والتحصيل. أظهرت النتائج وجود فروق ذات دلالة إحصائية في متوسط درجات طلاب مجموعتي البحث في متغيرين: التفكير الواعي بالأحداث التاريخية يتكون من (٣٠) فقرة والتحصيل الدراسي، ولصالح المجموعة التجريبية التي درست باستراتيجية البيت الدائري. وقد خلصت الدراسة إلى عدد من التوصيات ذات الصلة.

**الكلمات المفتاحية:** التحصيل الدراسي، استراتيجية البيت الدائري، المرحلة الاعدادية، التفكير الواعي بالأحداث التأريخية

## The Effect of The Roundhouse Strategy on Thinking and Awareness of Historical Events and The Development of Academic Achievement in History Among Middle School Students.

**Shiraz luqman Mohammad-Amin**
Department of Social Science، College of Basic Education، Salahaddin University- Erbil، Kurdistan Region، Iraq
shirazluqman8@gmail.com

**Othman Abdullah Hama-Ameen**
Department of Social Science، College of Basic Education، Salahaddin University- Erbil، Kurdistan Region، Iraq
osman.hamdamin@su.edu.krd

## Abstract
The study aimed to investigate the effect of using the circular house strategy on conscious thinking about historical events and improving academic achievement among middle school students. After surveying several schools، the researchers found that students were suffering from low academic achievement، and history teachers relied on traditional teaching methods without using modern teaching strategies. This indicates a need for intervention to enhance teaching methods in history and improve students' academic levels. The research community includes tenth grade literary students from public schools in the education department of Benslawa. The study employed an experimental design based on partial control of two equivalent groups with a post-test. The study sample was selected randomly. Group (B) is the experimental group that studied history using the circular house strategy، while group (A) is the control group that studied using the traditional method. The researchers used the Chi-square test and t-test to analyze the study tools related to conscious thinking about historical events and academic achievement. The results showed statistically significant differences in the average scores of students in the two research groups in two variables: conscious thinking about historical events consist of (30) sections and academic achievement، in favor of the experimental group that studied using the circular house strategy. The study concluded with several relevant recommendations.

**Keywords**: Roundhouse strateg, Thinking about awareness of historical events, prepatory school (stage), academic achievement.